IDEA FOUNDATION
دەزگای ئایدیا
بۆ فکرو لێکۆڵینەوە

# لە قەندیلەوە بۆ کۆبانێ

ئەنوەر حسێن - شۆڕش مستەفا

2015

# له‌ قه‌ندیله‌وه‌ بۆ كۆبانێ

ئه‌نوه‌ر حسێن - شۆڕش مسته‌فا

2015

خاوەن ئیمتیاز: دەزگای ئایدیا
لێپرسراوی دەزگا: ئەنوەر حسێن

ناوی کتێب: لە قەندیلەوە بۆ کۆبانێ
ئامادەکردن: ئەنوەر حسێن - شۆڕش مستەفا
بابەت: سیاسی
تایپ: سابیر
دیزاین: ئاکام شەمسەدینی
تیراژ: 500 دانە
ساڵی چاپ: 2015
چاپ: چاپخانەی دلێر
نرخ: 2000 دینار

لە بڵاوکراوەکانی دەزگای ئایدیا
زنجیرە (32)

www.ideafoundation.co
info@ideafoundation.co
idea@ideafoundation.co
www.facebook.com/dezgai.idea

لە بەڕێوەبەرێتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان
ژمارەی سپاردنی (1077) ی ساڵی 2015 ی دراوەتێ

**خوێنەری ئازیز**

ئەوەی لە ناوەڕۆکی ئەم نامیلکەیەدا دەیخوێنیتەوە، دەقی دوو دیداری تایبەتە لەگەڵ جەمیل بایك هاوسەرۆکی (کۆما جڤاکێ کوردستان – کەچەکە **KÇK** و هاوسەرۆکی پارتی کرێکارانی کوردستان – پەکەکە و موراد قەرەیلان ئەندامی کۆنسەی سەرۆکایەتی پەکەکەو ئەندامی دەستەی بەڕێوەبەری هێزەکانی پاراستنی گەل هەپەگە **HPG** ـ) کە سەبارەت بە بارودۆخی سیاسی لە هەرچوار پارچەی کوردستان و شەڕی داعش و مەسەلەکانی پەیوەست بە کۆنگرەی نەتەوەیی و پرۆسەی ئاشتی لەناو شاخە سەوزو پڕ لە بەفرەکانی قەندیل لە دوو کاتی جیاوازدا سازدراون،

که لە دیداری یەکەمیاندا بەچەند پرسیار هاوڕێیان ڕزگارو سەروەت بەشداربوون لەو دیدارو دیالۆگەدا. ئـەگـەرچـی رەنـگـە رووداوەکـــان بـەهـۆی خێرا تێپەڕینەوە هەندێکیان تازەیی خۆیان لەدەستدابێت، بەڵام دیسان پێویست بوو خوێنەری کورد ئاگاداری رەوشەکە بێت و هەڵوێستی مێژویی ئەم حزبە لە زمانی دو سەرکردەیەوە سەبارەت بەو روداوانـە بزانیت.

لەگەڵ رێزدا..

ئەنوەر حسێن - شۆڕش مستەفا
قەندیل **2015**

## پێشەکی

بە سێ سەعات لە سلێمانییەوە دەگەیتە لای پیاوێك كە لەناو جەنگەڵو كێوەكانی زنجیرە چیای قەندیل، پێشەوایەتی خەباتی چەكداریی‌و رێكخراوەیی پەكەكە دەكات. ئەو وەك چۆن هیوای دەخواست رۆژێك بێت بتوانێت سەردانی سەرۆك تاڵەبانی بكات، ئاوهاش لە چاوەڕوانی رۆژێكە تا دوای **16** ساڵ زیندانی باوەشێكی پڕ حەسرەت بە ئاپۆدا بكات.

جەمیل بایك، ئەو پیاوەی گەریلاكان بە هەڤاڵ جومعە بانگی دەكەن، پیاوێكی سادە سادە، بەڵام پێشەوایەتی ئەركێكی ئێجگار قورس دەكات، پیاوێك بڕوای وایە كێشەی كورد لە باكور هەر دەبێت چارەسەر بكرێت، وەك خۆی دەڵێت «نەخشەی نوێی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەبێ بونی كیانی كورد مومكین نیە بنەخشێنرێت».

بایك، یەكێكە لە شـەش دامـەزرێـنـەری پارتـی كرێكارانی كوردستان (پەكەكە) كە ئێستا لەژیاندا ماون‌و لە ژیانی سیاسی خۆیدا كەسێكی لێهاتو بـوەو لەلایەن عەبدوڵڵا ئۆجەلان-یشەوە، وەك سەركردەیەكی لێهاتو و پیاوی بڕیارو هەڵوێستە هەستیارەكان سەیر كراوە، هەر ئەمەش وایكرد كە ئۆجەلان لە قۆناغی پرۆسەی ئاشتی لەتوركیاو دانوستانی ئـەنـقـەرەو ئیمرالی، پێویستی بە كەسێكی وەكو جەمیل بایك بێت كە وەكو پایەیەك، وەكـو هێزێكی بەهێز لە قەندیلەوە چاودێریی پرۆسەكە بكات. چونكە ئەم هەڤاڵە توانایەكی بەهێزی لە كردنەوەی كۆدی توركەكاندا هەیەو، دەتوانێت لەكاتی خۆیدا مراوەغەو فێڵەكانیان بۆ بەفیرۆدانی كات رابوەستێنێت. ئەوەتا هەر ئەم پیاوە چیاییە، كاتێك حكومەتەكەی ئـەردۆگـان دەیویست دانوستانەكانی خۆی تەنیا لەگەڵ ئیمرالی نەبێت‌و قەندیل و پارتە كوردییەكانیش بهێنێتە نێو دانوستانەوە. بایك رەتیكردەوەو جارێكی دیكە رابەرایەتیكردنی پرۆسەكەو سەرچاوەی بڕیارەكانی خستەوە دورگـە پڕ لە ئـازارو زنجیربەندەكەی ئیمرالی، جارێكی دیكە پێی وتنەوە سەرچاوەی بڕیاری ئێمە رابەرەكەمانە، ئێمە گوێ لە ئیمرالی

دەگرین، نوێنەری ئێمە بۆ دانوستان تەنیاو تەنیا ئۆجەلانە. بێگومان بایك لەم مەسەلەیەدا دەیزانی تورکەکان چیان دەوێت نیازی ئەوانی خوێندبۆوە کە مەبەستیان بو پرۆسەی دانوستان پارچە پارچەو پەرت پەرت بکەن.

رۆژی **2014/9/11**، ژمارەیەك رۆژنامەنوس لە سلێمانییەوە بۆ دیداری جەمیل بایك بەرەو قەندیل بەڕێکەوتین، لەودیو سنوری سەنگەسەرەوە دەگەیتە لای گەریلاکان، هەڵبەتە بەو پێیەی پێشتر ئاگاداری سەردانەکەمان بون، گەریلایەکی دیاریکراوی خۆیان بەناو کەژو کێوە سەختەکانی قەندیلدا رێبەری کردین تا بەردەم ماڵێکی لەقوڕدروستکراوی نێو دارستانێکی چڕ، لەو دیو دەرگاکاوە، هەڤاڵ جومعە چاوەڕێی دەکردین، وەك سەرکردەیەکی سادەو خاکی پێشوازییەکی گەرمی کردین. دواتر لەسەر باردۆخو پێشهاتە تازەکانی ناوچەکە موحازەرەیەکی وردو پڕ زانیاریی پێشکەشکردین، دوای خوانی نیوەڕۆش لە دیالۆگێکی رۆژنامەنوسیدا لەسەر چەند پرسێك قسەی خۆی کرد.

بەر لەوەی گفتوگۆ رۆژنامەنوسییەکە دەستپێبکەین، هەڤاڵ جومعە بۆ نانی نیوەڕۆ میوانداریی کردین.

خواردنێکی خۆشی خۆماڵی، کەبابی باکوریو برنج و گۆشت و مەحشیو بیبەری پیشاو، لەژێر کەپرێکی نێو مەملەکەتی بەرزاییەکان، دەستمان بە نان خواردن کرد. رۆژێکی هەتاویی گەرم بو، لە کۆتا رۆژەکانی هاویندا بوین، بەڵام لەشوێنە سێبەرەکانی قەندیلدا هەوا فێنك بو. گەریلاکانیش دەیانوت، «شەو ساردی کردوە». ئەو بەدەم نانخواردنیشەوە، لەمەڕ روداوە سیاسییەکان دەدواو وەختێك خەریکی لێکردنەوەی توێکڵی بیبەرە پیشاوەکان بو، پێشبینیو شیکارییە سیاسییەکانی خۆی دەردەبڕی، واپێدەچو نەیەوێت چرکەیەکیش لەتەمەنی خۆی دوربێت لە خەباتی نەتەوەکەی.

بەهەرحاڵ، بایك ساڵی **1951** لەشاری (ئەلعەزیز)ی باکوری کوردستان لەدایکبوە، لەدوای دامەزراندنی پەکەکەو دەستپێکردنی خەباتی چەکداری، بەرپرسی باڵی سەربازی پارتەکە بوە. ئێستا هاوسەرۆکی کۆما جڤاکێن کوردستان (کەجەکە)یە ئەم پۆستەشی لەکۆنگرەی نۆهەمینی جڤاتی گەل ساڵی **2013** بەدەستهێناو لەگەڵ بەسێ هۆزات بونە هاوسەرۆكو کۆتاییش بە سیستمی تاك سەرۆکی هێنرا.

ئەم دیالۆگەی لەم نامیلەکەیەدا بڵاوکراوەتەوە،

ئەگەرچی پێموایە ناتونێت تینوێتی خوێنەر بۆ تـەواوی جومگەو وردەکارییەکانی خەباتی نەتەوەیەك لەباکور بشکێنێت، بەڵام، بەڵام وەکو دیالۆگێك بۆ ئـەم قۆناغە ئەکرێت بەردێکمان خستبێتە سەر بەردێك.
ئەم نامیلەکەیە، دیالۆگێکی مـوراد قەرەیلان-یـش لـەخـۆدەگـرێـت، ئـەو هـەڤـاڵـەش یەکێکە لەسەرکردەکانی پارتی کرێکارانی کوردستان و مـاوەی هەشت سـاڵ سـەرۆکـی کۆما جڤاکێن کوردستان کەجەکە بوە. قەرەیلان ساڵی ١٩٥٤ لە شارۆچکەی بێرەجووگی سەر بە شاری ئورفا لە باکوری کوردستان لە دایکبوە. ساڵی ١٩٧٩ پەیوەندی بە ڕیزەکانی پارتی کرێکارانی کوردستان کردووە، دوای ساڵێك تورکیا جێدەهێڵێتو تا ساڵی ١٩٩٢ لە سوریا کـاری ڕێکخستنی پارتەکەی بەڕێوەدەبات. لە ساڵی ١٩٩٢ دەچێتە شاخ و وەك فەرماندەیەکی کاریگەری گەریلا دەردەکەوێت. دوای دەستگیرکردنی عەبدوڵڵا ئۆجەلانی سەرۆکی پەکەکە بۆ ماوەی ساڵێك دەبێتە بەرپرسی ئەم پارتە لە ئەورووپا، دواتر جارێکی تر دەگەڕێتەوە شاخەکانی کوردستان. دوای دامەزراندنی کۆنگرەی گەل لە ساڵی ٢٠٠٠ و دواتریش دامەزراندنی

کەجەکە (کۆما جڤاکێن کوردستان) لە ساڵی **2003**وە تاوەکو **10**ی تەمموزی **2013** سەرۆکی کەجەکە بـوە. ئێستاش یەکێکە لەسەرکردە دیـارەکـانو ئەندامی کۆنسەی سەرۆکایەتی (کەجەکەیە).

**رزگار فایەق**

# دیداری یەکەم
# لەگەڵ جەمیل بایك

## (1)

***: ئێستا ڕەوشــی کۆبانیٚ چۆنە، ئێوە تاوانبار دەکرێن بەوەی ڕێگەنادەن هێزی تر بچێتە ڕۆژئاوای کوردستان بۆ هاوکاری کۆبانیٚ ؟**

**جەمیل بایك:** مـرۆڤ ڕەخنە لە کەموکوڕیەکان بگرێت ئەوە خزمەتە، بەڵام زۆر پڕوپاگەندەی ناڕاست لەسەر کۆبانیٚ و ڕۆژئـاوای کوردستان بـڵاودەبـێـتـەوە، بـەڵام ئـەوانـەی بـاس دەکـرێـن ڕەخنەنین، مرۆڤ ناتوانێت قیمەت بەو شتانە بدات، بۆ نمونە دەڵێن لە ڕۆژئـاوا شـۆڕش نییە، لەویٚ هیچ بۆ کوردایەتی ناکەن، دەڵێن لەویٚ خزمەت بە بەشار ئەسەد دەکرێت، دە وترێت پەیەدە دەستی بەسەر ڕۆژئاوای کوردستاندا گرتووە و دیکتاتۆرە، ناهێڵیت حزبەکانی تر خۆیان ڕێکبخەن و کاری سیاسی بکەن، یان دەڵێن یەپەگە هێزی سەربازی

پەیەدەیە، یان دەڵێن کەس دان بەکانتۆنەکاندا نانێت، بەحسابی ئـەوان لـەبـەرئـەوەی پەیەدە خۆی سەپاندووە کەس کانتۆنەکان بە رەسمی ناناسێت، ئەوانە هەموو پڕوپاگەندەی هەل بە بستراو و ناڕاستن. ئەم قسانە بۆ ئەوە دەکرێت کە راستیەکانی رۆژئـاوای کوردستان چەواشە بکەن لە کانتۆنەکاندا جگە لە پەیەدە چەندین حزبی تـری کـوردی هەیە ئاشوری ، سوریانی، عەرەب، هەتا بەرپرسی کانتۆنی جزیرە کەسێکی عەرەبە، لە وەزارەتەکاندا تەنها ٢ ئەندامی پەیەدە هەیە، هەندێکیان سەربەخۆن و هەندێکیان سەر بەحزبەکانی ترن، ئەمانە بەیەکەوە کانتۆنەکان بەڕێوەدەبەن، یەپەگە هێزی پەیەدە نییە، بەڵکو هێزێکی نەتەوەییە لەناو یەپەگەدا، پەیەدە و حزبەکانی تریش هەن لەناو یەپەگەدا حزبایەتی نییە، هـەر شەرڤانێك ئـەنـدامـی یەپەگەیە و رۆژئاوای کوردستان دەپارێزن، لە هەموو شوێنێك یاسا هەیە، هەر کەس و لایەنێك بیانەوێت کار بکەن دەبێت بەپێی ئەو یاسایانە هەڵسوکەوت بکەن، بۆنمونە یاسای حزبە سیاسیەکان هەیە هەموو حزبەکان دەچن مۆڵەتی رەسمی وەردەگرن و کاروباری خۆیان دەکەن، پەیەدەش وەك هەموو

حزبێکی تر سەردانی کردووە و مۆڵەتی وەرگرتووە وەك هەر حزبێکی تر، بەڵام پارتی دیموکراتی کوردستانی سوریا ناچێت، مۆڵەت وەرناگرێت، دەڵێت من کاروباری سیاسی و چالاکی دەکەم ئیعتراف بەیاسا و بەکانتۆنەکانیش ناکەم، بۆیە ئیدارەی کانتۆنەکانیش دەڵێن تۆ مافی کارکردنت نییە، هەرلایەنێك مۆڵەت وەردەگرێت و ئازادانە کار دەکات پێویستە تۆش مۆڵەت وەربگریت راستییەکان ئەوەیە، بەڵام ئەوان بانگەشەی ئەوە دەکەن گوایە پەیەدە مۆڵەت نادات ئەوان رێکخستنەکانی خۆیان لە رۆژئاوا ئاوابکەن، ئەوان راست ناکەن هیچ لەمپەرێك لەبەردە میاندا نییە بەڵام خۆیان مۆڵەت وەرناگرن، ئێستا لە باشوری کوردستان حکومەت قبوڵ دەکات، حزبێك مۆڵەت وەرنەگرێت و کاریش بکات؟ لە رۆژئاواش وەهایە زۆربەی کێشەکان ئەوەیە.

**❋: مەترسی ئەوە هەیە لەنێوان پەیەدە و حزبە سیاسیەکاندا لەسەر ناکۆکیەکان و نەچوونە ناوەوەی ئەو هێزانە بۆ رۆژئاوا شەڕ رووبدات؟**

**جەمیل بایك:** کێشەیەك ئەگەر هەبێت مانای ئەوە ناکات کە دەبێت شەڕ رووبدات، لە هەموو

وڵاتـانـدا لەنێوان حزبەکاندا کێشە و ناکۆکی هەیە، لەتورکیاش لەنێوان حزبە سیاسیەکاندا کێشە هەیە، بەڵام شەڕ روونادات. شەڕ جیاوازەو ناکۆکیەکان جیاوازە، ئەگەر دەست نەخرێتە ناو رۆژئاواوە خۆیان دەتوانن کێشەکانی نێوان خۆیان چارەسەر بکەن، بەهۆی دەستێوەردانی دەرەکییەوە کێشەکانی رۆژئاوا چارەسەرنابێت، ئەگەر وازیان لێبهێنن خۆیان ناکۆکیەکانیان چارەسەر دەکەن.

***: هەندێك پێیانوایە کە هێرشی داعش بۆسەر هەرێمی کوردستان، لەئەنجامی ئەوەوە هاتووە کە باس لە دەوڵەتی کوردی و ریفراندۆم و گەڕانەوەی ناوچە جێناکۆکەکان و ناردنە دەرەوەی نەوتی هەرێم دەکرا، داعش لەلایەن وڵاتانەوە بۆ لەباربردنی ئەو بابەتانە تەیارکراوە، پێتوایە ئەوانە راستن، یان مەسەلەی دەوڵەتی کوردی جیاوازە لەو بۆچونەی پەکەکە کە خۆسەری دیموکراسیە؟**

**جەمیل بایك:** لەوانەیە ئەوانە لە هۆکارەکان بن، بەڵام باوەڕناکەم هۆکاری ئەساسی هێرشەکانی داعش بۆ سەر کورد ئەوانە بن، چونکە داعش تەنها دژی هەرێمی کوردستان نییە، بەڵکو دژی

ڕۆژئاوای کوردستانیشه، داعش دژی ئینسانیەتە، سەری هەموو کەسێك دەبڕن.

ئەگەربێت و بڵێن کاك مەسعود وتویەتی دەوڵەتی کوردی رادەگەیەنم و داعش دژ بەوە هێرشی کردوەتە سەر باشوری کوردستان هیچ راست نییە، لەوانەیە بەهانەبێت، بۆچی داعش هێرش دەکاتە سەر رۆژئاوای کوردستان خۆ رۆژئاوا نەیوتووە ئێمە دەوڵەت رادەگەیەنین؟ ئێزیدیەکانی شەنگال نەیانوتبوو ئێمە دەوڵەت دروست دەکەین، خۆ مەسیحیەکانی موسڵ داوای دەوڵەتیان نەکردبوو هەموویانیان دەرکرد. ئەو هێرشانە هیچ پەیوەندی بە دروستبونی دەوڵەتی کوردیەوە نییە.

***: تورکیا بۆچی هاوکاری داعش دەکات ؟**

**جەمیل بایك:** تورکیا دەیەوێت عوسمانی نوێ لە رۆژهەڵاتی ناوەند ئاوابکات، خۆیان بکەنە هێزێکی مەزن و دەسەڵاتی خۆی بسەپێنێت، بۆئەوەش دەخوازێت ئەنجام بەدەستبخات و لەسەر ئەو ئەساسە کار دەکات، ئەو بەرەیەش لەلایەن داعشەوە بەڕێوەدەبرێت، لەبەرئەوە تورکیا هاوکاری داعش دەکات و دەیەوێت لە رێی ئەوانەوە

بگاتە مەرامەکانی، لەلایەکی تریش داعش دژی مرۆڤایەتی و کوردە بۆئەوەش دەیەوێت لە ڕێی داعشەوە لە کورد بدات. تورکیا دوو ئامانجی هەیە، یەکەم دەیەوێت لە ڕێگەی داعشەوە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەند خۆی بەهێزبکات عوسمانی نوێ ئاوابکات، دووهەمیش لەڕێی داعشەوە زەبر لە کورد بدات.

***: تورکیا دەتوانێت ڕێگری لە لێدانی داعش بکات ؟**

**جەمیل بایك:** نەخێر ناتوانێت، چونکە تورکیا ئەندامی ناتۆیە و ناتۆش بنکەی خۆی هەیە لە تورکیا، تورکیاش خزمەتی دەکات، بەپێی یاساکانی ناتۆ تورکیا ناتوانێت بەری پێبگرێت، فڕۆکەکانی ئەمەریکا دەتوانن لە بنکەی ئینچەرلیکی تورکیاوە هەستێت، لە عێڕاق و سوریا لە داعش بدات. تورکیا بەشێوەیەکی تر دەتوانێت ڕێگری لێبکات، بەڵام لەمەسەلەی ناتۆدا ناتوانێت ئەمەریکاش لە ناتۆدا هێزی سەرەکییە، ئەوروپا و ئەمەریکا بەتورکیا دەڵێن نابێت هاوکاری داعش بکەیت و ڕێگەیان بدەیت لە خاکەکەتەوە بچنە سوریا، تورکیا دەڵێت قەدەغەم کردووە، بەڵام بەئاشکرا دەچن، چەکیان

بۆ دەنێرێت و بریندارەکانیان لە نەخۆشخانەکانی تورکیا بۆ تیمار دەکات.

**✽: هاوپەیمانێتیەك لەنێوان ئەمەریکاو چەند وڵاتێکی تر بۆ لێدانی داعـش پێکهێنراوە تا ئێستا لەگەڵ ئێوە قسەیان کردووە، بۆ ئەوەی لەو هاوپەیمانیەتیەدا جێگە بگرن؟**

**جەمیل بایك:** نەخێر لەبەر تورکیا لەگەڵ ئێمە قسەیان نەکردووە و نایکەن، تورکیا زۆر هەوڵ دەدات ئـەوروپـا و ئەمەریکا هیچ پەیوەندیەك لەگەڵ پەکەکە نەبەستن و هـاوکـاری نەکەن و نەبێتە حەرەکەتیکی سیاسی. تورکیا دەڵێت ئـامـادەم لـەگـەڵ پـەکـەکـەدا دابنیشم کێشەی کوردی لەگەڵدا چارەسەربکەن، بەڵام لە ساحەی نێونەتەوەییدا هەوڵ دەدات هیچ وڵاتێك نزیکی پەکەکە نەبێتەوە، چونکە ئەگەر پەکەکە لەئاستی نێونەتەوەییدا ببێتە حەرەکەتێکی سیاسی ئەوکاتە تورکیا ناچارە کێشەی کورد چارەسەربکات، ئێستا هەر کەس گەیشتوەتە ئەو بڕوایەی کە بە بێ پەکەکە و یەپەگە کێشەکانی رۆژهەڵاتی ناوەند چارەسەرنابن، بۆیە هەوڵ دەدەن لەگەڵ پەکەکە

و یەپەگە و کانتۆنەکان پەیوەندی دروست بکەن، راستیەکەش ئـەوەی بۆ ئـەو پەیوەندیانە هیچ شتێك نابێت، هەندێك دەوڵـەت دەیانەوێت ئەو پەیوەندیانە دروست بکەن، بەڵام تورکیاو هەندێك هێزی کوردی هەوڵ دەدەن بەربەو پەیوەندیانە بگرن. تائێستا ئەوەیان کـردووە، بەڵام بەئاشکرا دەڵێم لەمەودوا ئەوەندە هێزیان نییە، کە بتوانن بەردەوامبن لەو کارەیان.

***: پێتوایە ئەمەریکا و هاوپەیمانان بێ هاوکاری یەپەگە بتوانن داعش لە سوریا لەناوبەرن ؟**

**جەمیل بایك:** ئێمە نازانین پەیوەندی لەگەڵ یەپەگە دەگـرن یان نا، ئێمە ناتوانین دەست لەو بابەتە وەردەین ئەوە بڕیاری خۆیانە، راستە پەیوەندیمان لەگەڵ ڕۆژئاوا هەیەوئەرکی نەتەوەیی خۆشمان پێکدێنین و کەسیش ناتوانێت رێگریمان لێبکات، لە مەسەلەی پەیوەندیەکاندا ئێمە لە خۆمانو ئەوانیش لەخۆیان بەرپرسن، هەرکەس لەسەر ئامانج و ئیرادەی خۆی بەڕێوەدەچێت.

**٭: ئێوە پێشبینی ناکەن ئەمەریکا هەماهەنگی لەگەڵ یەپەگە بکات، چەکی بداتێ ؟**

**جەمیل بایك:** مەجبورە  ئەوە بکات، ئەگەر نەی کات ناتوانێت ئەنجام بە دەست بخات، ئەمڕۆ لە سوریا داعــش، حکومەتی ســوریــا، کــورد هەیە، ئەمەریکا دژی داعــش دەوەستێت، دژی رژێمی سوریا دەوەستێت، لێرەدا ئەوەی ماوە کوردە، ئەوان ناتوانن تەنها بەهێزی ئاسمانی ئەنجامگیربن، ئەگەر لە زەویدا لایەك لەگەڵیاندا حەرەکەت نەکات، ئەنجام بەدەست ناهێنن. بۆیە مەجبورن لەگەڵ رۆژئـــاوا هەماهەنگی بکەن بەهێزی دەرەوەی سوریا، بەرێکەوتن لەگەڵ کوالیسیۆنی سوریا هیچ ئەنجامێك بەرامبەر داعش بەدەوست ناخەن، بۆیە لەو بروایەدام پەیوەندیان لەگەڵ رۆژئاوای کوردستان بە روە و پێشبە رن، لەوانەیە هەندێك وڵات و هەتا هەندێك هێزی کوردی دژی ئەوەبن، بەڵام مەجبورن پەیوەندی لەگە ڵ رۆژئاوا ببەستن.

***: بانگەشەی ئەوە دەکرێت ئێوە هێزی ئەوەتان هەیە کە بتوانن شەنگال رزگار بکەن، بەڵام مەرجی ئەوەتان هەیە کە دوای ئەوە لە شەنگال نەکشێنەوە، ئەوە تا چەندە راستە ؟**

**جەمیل بایك:** هەتا خەتەر هەبێت ئێمە دەمێنین ئەگەر خەتەریان نەما ئەوا دەکشێینەوە، بەهۆی ئەو ترس و هەڕەشانەی هەبوو خەڵك و حزبە سیاسیەکان داوایـان لێکردن بەهانایانەوە بچین، ئێمەش چووین ئـەوە ئەرکێکی نەتەوەییمانە لـەکـویێ گـەل و وڵات و خـاکـی گـەلـەکـەمـان لە خـەتـەردابـێـت ئـەوا پاراستنی ئـەوانـە بـۆ ئێمە بنەمایە، کەی هەڕەشەکان رەوینەوە و نە مان ئێمەش دەگەڕێینەوە، داوامـانـکـرد لیژنـەیەکی سەربازی دروسـت بکرێت، هەموو ئەو هێزانەی دەویانەوێت دژی داعـش شەڕ بکەن لەژێر ئەو لیژنـەیەدا بەیەکەوە تێبکۆشن، ئێستا لە شەنگال یەپەگە، هەپەگە، هێزەکانی بەرخۆدانی شەنگال و پێشمەرگە هەیە، ئێمە داوا دەکەین پێکەوە ئێمە، یەپەگە، پارتـی ، یەکێتی و هەموو ئەو لایەنانەی هێزیان هەیە بێن و بەیەکەوە شەنگال رزگار بکەین، ئەمە داخوازی ئێمەیە.

***: بڕواتان وایە، کە ئەو لیژنەیە دروست بێت ؟**

**جەمیل بایک:** ئێمە بەردەوام کاری لەسەر دەکەین و وازمان نەهێناوە، مومکینە لەداهاتوودا پێکبێت، ئەگەر ئەوە بکەین دەتوانین شەنگال و جەلەولاش رزگار بکەین.

***: تورکیا ڕۆڵی هەبوو لەوەی ئەو لیژنەیە دروست نەبێت؟**

**جەمیل بایک:** بێگومان تورکیا نایەوێت ئەو لیژنەیە دروست ببێت، نایەوێت کورد یەکێتی لەنێوانیان دروست ببێت و دیپلۆماسیەتیان هەبێت، نایەوێت کۆنگرەی نەتەوەیی و هێزی پاراستنی هاوبەش دروست بێت، بەڵکو دەیەوێت کورد پارچە پارچەبێت و دژی یەکتربن، بۆنمونە تورکیا پەیوەندی لەگەڵ هەموو کوردێك پێشناخات لەگەڵ هەندێك هەیەتی و لەگەڵ هەندێکیش نییەتی، ئەوان هەوڵ دەدەن کورد بدەن بەگژیەکتریدا.

***: هێزی ئێوە لە شەنگال، کـەرکـوك، جەلەولا هەبوو، هەیە دەڵێت ئەمە پیلانێکی ئێران، یەکێتی و پەکەکەیە بۆ هێرش کردنە سەر پارتی و پلانەکە ئێران دایڕشتووە، ئەمە تا چەند راستە ؟**

**جەمیل بایك:** ئەوە راست نییە، خۆ هێرشەکان تەنها لەسەر پارتی نین لەسەر یەکێتیش هەیە، لەسەر رۆژئاوای کوردستانیش هەیە، ئەگەر هێرش تەنها بۆسەر ناوچەی پارتی بوایە دەکرا بڵێن پلانێك هەیە، بەڵام داعش هێرشی کردە سەر هەرکەسێك، لە شەنگال هێرشی کـردە سـەر ئێزیدیەکان، لە کـەرکـوك و جـەلـەولا تەنها پـارتـی لێنیە، بەڵکو پێشمەرگەی یەکێتی و گەریلاکانی ئێمەشی لێیە، ئـەوە بۆ رەشـکـردنـە. ئەمڕۆ پێشمەرگە، گەریلا، یەپەگە بەیەکەوە کوردستان دەپارێزن، گەر ئێمە خاوەنداریمان لە شەنگال نەکردایە زۆرشت دەکەوتە ژێرپێوە، هەموو کەس دەزانێت کە لە شەنگال پارتی و پێشمەرگەکانی ئەوان دەسەڵاتدارن، ئێمە نەمانهێشت پێشمەرگەکانی پارتی لـەوێ زەبریان بەرکەوێت، ئەگەر پلانێکی وەها لە ئارادابوایە ئێمە بۆ ئەوەمان دەکرد، بۆ ئێمە کەرامەتی حکومەتی هەرێم و پارتی و کاك مەسعودمان پاراست، ئەو قسانە راست نین.

***: ئێران ڕۆڵی گەورەی هەیە لە عێراق، باس لەوە دەکرێت بەهاوکاری ئێڕان و ئەمەریکا دەوڵەتی تازەی عێراق دروست بووە، لەهەرێمی کوردستان هاوکاری زۆری پێشمەرگەی لە هێڵی سەوز کردووە، ئەو دەخالەتەی ئێران بۆچییە و ترسی لە چی هەیە ؟**

**جەمیل بایك:** ئێران هاریکاری حکومەتی هەرێم دەکات، کاك مەسعود لە راگەیاندنەکاندا دەرکەوت وتی یەکەمین لایەن کەهاریکاری ئێمەی کرد ئێران بوو، چەکیان داپێمان ئەگەر ئێران دژی پارتی بووایە چەکی نەدەدایە حکومەتی هەرێم کە هەژمونی پارتی لەسەرە، لە ئاواکردنی حکومەتی عێڕاقدا رەنجی ئێران و ئەمەریکا و کوردیش هەیە، ئەگەر کورد نەبوایە نەیادەتوانی ئەو حکومەتە ئاوابکەن، ئێران لە عێڕاق و باشوری کوردستان رۆڵی گرنگی هەیە، لەبەرئەوەی داعش دژی ئێران و شیعەشە، یەکێك لە ئامانجەکانی داعش لاوازکردنی بەرەی شیعەو پارچە پارچەکردنی ئێرانە. بۆیە ئێران دژی داعش دەوەستێتەوە هاوکاری ئەوانەش دەکات کە دژی دەوەستنەوە، هاوکاری حکومەتی هەرێم و شیعە و سوریاش دەکات، لەبەرئەوەی دژی داعش

دەوەستنەوە ئـەوەش لەبەر خاتری خۆی دەکات، ئەگەر ئێران ئـەوا نەکات و ئـەوان دژی داعش نەوەستنەوە ئەوا داعش لەناو ئێراندا چالاکی دەکات. ئێران پارچە پارچە دەکات، ئەمڕۆ لە ئێراندا داعش هەندێك حەرەکەت دەکات، لەناوچەی کوردستان و بەلوچەکان هەن، بۆیە داعش هەوڵ بۆ گرتنی جەلەولا دەدات، چونکە جەلەولا و خانەقین دەرگای سنوری ئێرانن، بۆ ئەو ستراتیژە تابتوانێت بەرەی دواوەی بەهێزبکات و ببێتە هەڕەشە لەسەر ئێران.

***: لە دوای هاتنی داود ئۆغلۆ بۆسەر کورسی سـەرۆك وەزیـران، پێتوایە پرۆسەی ئاشتی هیچ پێشکەوتنێك بەخۆیە ببینێت ؟**

**جەمیل بایك:** پێشوتر لە تورکیا ئەکەپە حکومەت بوو، بەڵام ئەمڕۆ بۆتە دەوڵەت، ئێستا هیچ کۆسپ و لەمپەرێك لەبەر ئەکەپە نەماوە کە بیەوێت بۆ پرۆسەی ئاشتی هەنگاو بنێت پێشوتر دەیانوت هەموو شتێك لەدەستی ئێمەدا نییە. بۆیە ناتوانین هەنگاوی تەواو بنێین، بەڵام ئەمڕۆ ئەگەر بیانەوێت دەتـوانـن پرسی کـورد چـارەسـەر بکەن، ئەگەر ئەمڕۆ نەی کەن درۆ دەکەن و خۆیان دەخەڵەتێنن،

ئەگەر ئەمڕۆ نەی کەن ئەوا دیارە ناخوازن بیکەن، پێویستە دەوڵەتی تورکیا هەڵوێستی خۆی لەو بارەیەوە ئاشکرا بکات، مۆڵەتمان داوە بەتورکیا خۆی یەکلایی بکاتەوە، داوایان کرد کاتمان پێویستە کاتمان داپێیان و کۆسپ و لەمپەریش نەما ئەگەر بیانەوێت پرسی کورد چارەسەربکەن دەبێت هەنگاو بنێن، ئێمە نەخشەڕێی خۆمان بۆ ئەو مەبەستە ئاشکرا کردووە دەبێت ئەوانیش ئاشکرای بکەن، ئەگەر ئامانجیان چارەسەربێت دەبێت هەنگاو بنێن و دانوستاندن دەستپێبکات، یەك لەومەرجانەش ئەوەیە کە هەلومەرجی سەرۆك ئاپۆ باش بکرێت، ئازادی سەرۆکایەتی قبوڵ بکەن، لەهەلومەرجی ئێستادا دانوسان نابێت، لەم هەلومەرجەدا ئەوەی پێمانکرا بەزیادەوە کردمان، لەلایەکی ترەوە دەبێت لایەنی سێهەم هەبێت، ئەگەرنا ئـەوا دانوسان دروست نابێت، دەبێت شاندی دانوستان دروست بێت کێ دەخوازێت کێ بخاتە شاندەکەوە خۆی ئازادە کێ دەنێرێت، نەك دەوڵەت لە شاندی سەرۆك ئاپۆدا خەڵك دەستنیشان بکات، ئەگەر ئەمانە نەکرێت ئەوا دانوستانیش ناکرێت ئێمە تا ئەمڕۆ بە زۆری و زەحمەتی هاتووین لەمەودا دەبێت بچینە قۆناغی دیالۆگ و دانوستانەوە.

***: ئەی دوای ئەوە ؟**

**جەمیل بایك:** ئەگەر دانوستاندن دەست پێ نەكات ئەوا هەڵوێستی خۆمان دەستنیشان دەكەین.

***: سەردانی شاندەكانی بەدەپەو هەدەپە، بۆ ئیمراڵی و لەگەڵ قەندیل و حكومەتی توركیا بەكوێ گەیشتووە، ئەو نامانە چی تێدایە كە لەنێوانتاندا ئاڵوگۆڕ دەكرێت ؟**

**جەمیل بایك:** ئێمە لەناو ئەو ئیشەداین هەرشتێك ئێمە نەیزانین كەس ناتوانێت بیزانێت، ئەوانەی لە راگەیاندنەكاندا بڵاودەبنەوە راستیەكان نیشان نـادەن، بەڵكو تەنها پڕوپاگەندەن تەنها ئێمەو سەرۆك ئاپۆ دەتوانین شتەكان دەستنیشان و ئاشكرا بكەین، هەڵبەتە تا ئێستا هیچ شتێك لەئارادا نییە. بۆیە هیچمان رانەگەیاندووە ئەوانەی دەرەوەی ئێمە ناتوانن وەك خۆمان بزانن لەنێوان ئێمەو توركیا هەنگاوەكان پێشدەكەون یان پێشناكەون، هەندێك لە راگەیاندنەكاندا دەردەكەوتن و كەشێكی وا نیشان دەدەن كە هەموو شتێك چارەسەربووە، بەو شێوەیە دەیانەوێت گەل لاوازبكەن و تێكۆشان نەكات، تا

بەئاسانی بەرنامەکانی خۆیان بــەردەوام بکەن ئەوەش شەڕێکی دەروونیە. ئەو تەلەفزیۆنانەی نزیك لە ئەکەپەن ئەو پڕوپاگەندانە دەکەن، دەڵێت وا هەموو شتێك چارەسەر دەبێت، بۆئەوەی گەل لە دژی ئەوان نەکەوێتە جموجۆڵ، نە گەل و نە گەریلا نابێت خۆیان لاواز بکەن، لەلایەك هەوڵ دەدەین دانوستان دەستپێبکات کە ساڵانێکە تێکۆشانی بۆ دەکەین، ئەگەر ئەوەش دەبێت، دەبێت بەردەوامبین لە خەبات، کەی حکومەت هەنگاوی عەمەلی نا ئەوکات دەڵێین دانوستان دەستی پێکردووە تا ئێستاش ئەو هەنگاوەی نەناوەو دیاریش نییە، ناتوانین بڵێین ترس نەماوە و خۆمان بخەڵەتێنین.

***: ئێران رۆڵی چییە لەمەدا، پێشووتریش باسی ئەوەمان کرد هەموو چالاکیە سەربازیەکانی نێوان کۆماری ئیسلامی ئێران و پژاك راگیراوە، ئێران دەخالەتی گــەورەی هەیە لــەم هاوکێشانەدا و پەیوەندی باشە لەگەڵ پەکەکە ؟**

**جەمیل بایك:** ئێمە پەیوەندیمان لەگەڵ هەموو کەسێك هەیە، لەگەڵ تەنها لایەنێکدا پەیوەندی دروست ناکەین، ئێمە هێڵێکی جیاوازین، نە لەگەڵ

دەوڵەتین و نەلەگەڵ ئەو ئۆپۆزسیۆنانەشین کە لە ناوچەکەدا هەن، لەسەر هێڵی سێهەمین دەڕۆین و دەیپارێزین، بەردەوامین لەپەیوەندیەکانمان، بەلاّم بەمانای ئەوە نییە کە لەسەر ناوی ئەو پەیوەندیانە ببینە کلك، ئێمە قەت نابینە کلکی کەس، هێڵی خۆمان بەبنەما دەگرین و کێ ئێمەی پێ قبوڵە ئێمەش قبوڵی دەکەین، قبوڵمان ناکات قبوڵی ناکەین، چەندێك قبوڵمان دەکەن ئەوەندە قبوڵیان دەکەین، ئەمە هەڵوێستی ئێمەیە، پژاك لە بەردەوامی ئاگربەست لەگەڵ ئێران سەبەبی خۆیان هەیە، نەك ئەوەی ئێمە لەگەڵ ئێران پەیوەندیمان باش بێت، لەم بارودۆخەی ئێستا ناوچەکەو ئەو دۆخەی کورد لە ئێستادا تێیدایە پێویست دەکات پژاك لەگەڵ ئێران شەڕ بکات، یاخود نەیکات؟ ئەگەر شەڕ بکات خزمەت بەچی دەکات ؟ پێویستە مرۆڤ ئەمانە باش بزانێت، ئەگەر پژاك شەڕ ناکات سەبەبەکە ئەوەیە دەنا دەتوانێت بیکات، ئەگەر بیکات ئەو شەڕە لە ئێستادا لەخزمەتیدا نییە. بۆیە بەردەوامە لە ئاگربەستەکەی، لە ماوەی ئەم چەند مانگەی دوایدا نزیکەی ٢٠ کادری پژاك لەلایەن ئێرانەوە شەهید بوون نەك لە شەڕدا، بەڵکو لە خەباتی سیاسی و ڕێکخستنیدا ئێران

لێیداون و شەهیدی کـردوون، ئێران ئاگربەست بەبنەما ناگرێت کەی ترسا لێی دەدات، بۆئەوەش پـژاك هەندێك چالاکی خۆپاراستنی کـرد، لەو چوارچێوەیشدا لێدوانیداو ئێرانی هۆشیارکردەوە کەلە تۆڵەی ئەو هەڤاڵانەیدا چالاکیان ئەنجامداوەو دەبێت ئێران ئاگربەست بە ئەساس بگرێت، ئەگەر لە ئێستادا شەڕ گەورە ببێت ناکەوێتە خزمەتی پژاکەوە دەکەوێتە خزمەتی چەند لایەنێکەوە.

***: بەشداربوونی کورد لە حکومەتی ئێستای عێراق چۆن شرۆڤە دەکەن؟**

**جەمیل بایك:** ئێمە لەگەڵ ئەوەداین کورد بەشداری حکومەتی عێراقی کردووە و کارێکی باشەو هێڵی سیاسی ئێمە داوای ئـەوە دەکـات، دەزانـیـن کە دەتوانرێت ئەوە بخرێتە خزمەتی کوردان، ئەگەر نەچنە حکومەتەوە خزمەت بە پرسی کـورد و گەلانی عێراق ناکات، ئەگەر وا نەبێت لە عێراق شەڕ دەست پێدەکات و کەسیش نازانێت ئەو شەڕە کەی دەوەستێت، ئێمە نەتەوەی دیموکرات بەبنەما دەگرین لەسەر ئەوە ئەساسەش یەکێتی و برایەتی بەبنەما دەگرین، لە نەتەوەی دیموکراتیکدا هەر

گەل، باوەڕی و کلتورێك بەناسنامەو نرخ و زمانی خۆی ئازادانە خۆی رێکدەخات و بەڕێوە دەچێت، بۆخۆی داوای چی دەکات بۆ ئەوەیش داوای ئەوە دەکات، ئاوا یەکێتی و برایەتی دروست دەبێت، بە نەتەوەی دیموکرات دەتوانرێت کێشەکان چارەسەربکرێت، هۆکاری شەڕ ئەوەیە کە شتێك بۆخۆت بەڕەوا بزانێت، بۆ ئەوەی تر بەڕەوا نەزانیت، ئەم هەنگاوەی ئەمڕۆ بۆ دروستبوونی حکومەتی عێراق نراوە لەجێی خۆیدایە، حکومەتی هەرێم سێ مانگ مۆڵەتی داوە بە حکومەری عێراق کە ئەگەر داواکانی جێبەجێ نەکات خۆی دەکشێنێتەوە، ئەگەر ئەو روویدا ئەوە کێشە دروست دەبێت، پێدەچێت عێراق پارچە پارچەبێت و بەرەوشەڕ بڕوات ئەو شەڕە زیان بە هەموو کەسێك دەگەیەنێت، مرۆڤ دەبێت کار بکات، بۆئەوەی کێشەکان چارەسەربکات، نەك لەگەڵ کێشەکاندا بژی، تەنها بەهەنگاوی ئاواکردنی حکومەتی نوێی عێراق کێشەکان چارەسەرنابن، دەبێت هەنگاوی تریش بنرێت بەو شێوەیە ئەنجام بەدەست دەخرێت.

***: هەبوونی گەریلا لە شەنگال و مەخمور بە ڕێکەوتن لەگەڵ لایەنەکان بووە؟ ئایا ڕۆڵی گەریلا لە ڕزگارکردنی مەخمور چەند بووە، تا ئێستا بەگشتی چەند گەریلا شەهیدبوون؟**

**جەمیل بایک:** هاتنی گەریلا لەسەر داخوازی گەل بوو، گەل داوای کرد گەریلا بچێت بیپارێزێت پاش ئەوەش حزبە سیاسیەکان داوایان کرد، پێش ئەوە ڕێکەوتن هەبووایە باشتر دەبوو، ئێمە دوامان لە یەکێتی و پارتی کرد، پێمان وتن داعش هێرش دەکاتە سەر هەرێمی کوردستان دەمانەوێت بۆ پاراستنی باشوری هێز بنێرین، بەڵام یەکێتی و پارتی وتیان سوپاستان دەکەین لە ئێستادا پێویست نییە، ئەگەر لە داهاتوودا ترس و خەتەر هەبوو ئەوکاتە دەتوانین داوابکەین، بەڵام لەبەرئەوەی ئەوان بەو شێوەیە وەڵامیان دایەوە ئێمە لەسەر ئەو بنەمایە هەڵسوکەتمان کرد، بەڵام کاتێك داعش هێرشی کرد گەل و حزبەکان داوایان کرد و ئێمەش بۆ پاراستنی ئەوان گەریلامان نارد، ئێمە لەسەر بنەمای نەتەوەیی خەبات دەکەین کوردی هەرچوارپاچەی کوردستان لەناوماندا هەیە. گەل لەهەر شوێنێك لە خەتەردا بێت ئێمە پاراستنی

بەواجبی خۆمان دەزانـیـن، ئێمە دۆستی گەل و باوەڕی و کولتورە جیاوازەکانین، لە شەنگال گەل ڕووبـەڕووی کۆمەڵکوژی بـوەوە، بۆ پاراستنیان چوینە ئەوێ ئێمە ناتوانین لەسەر کۆمەڵکوژی گەلەکەمان سیاسەت بکەین لەسەر کۆمەڵکوژی گەلی کـورد سیاسەت ناکرێت، ئەگەر تۆ پێش بە کوشتنی گەلەکەت بگریت دەتوانین سیاسەت بکەین، ئەگەر نا بەپێچەوانەوە بێت ناتوانین سیاسەت بکەین، ئێمە لە مەخمور شەڕمان کرد، گەریلا و پێشمەرگە و میلیشیاکان کامپی مەخمور شەڕیان کرد و بەیەکەوە ئەو ناوچەیەمان ڕزگارکرد ڕاستیش ئەوەیە بۆ ئەوەش داوامانکرد لیژنەیەك دروستبێت، تا هەمووڵایەك لە ژێر سایەی ئەو لیژنەیەدا شەڕبکات، ئـەوە ووره دەداتـە گەریلا و پێشمەرگە، لە ئاستی ناوچەو نێونەتەوەییدا حورمەتی کـوردی پێ زیـاد دەبـێـت، کـورد بەوە مەزن دەبێت، نەك حزبێك ئەگەر کورد سەرکەوت ئـەوە هەموو حزبەکان سـەردەکـەوێـت، حـزب بۆ کورد و نەتەوایەتییە، نابێت هەرگیز حزب پێش نەتەوایەتی بخەین، لەسەر ئەو ئەساسە ئێمە خەبات دەکەین، وەك دەزانـن لەمەخمور و شەنگال و ڕەبیعە گەریلاکانمان شەڕیان کرد و چەندینیان

لێ شەهیدبوون ژمـارەی تــەواوی نازانم بەڵام نزیکەی ٢٥ شەهید دەبن هەڤاڵی ژنیشیان تێدایە، مەسەلە ژمارە نییە، ئەوە گرنگ نییە گرنگ ئەوەیە تۆ خزمەتی چی دەکەیت، ئەگەر خزمەتی گەل دەکەیت و دەستکەوتەکانی دەپارێزیت ئەوا شتێکی باش دەکەیت، ئەگەر ئەوە نەکەیت بەهەزاران شەهیدیش بدەیت بێمانایە.

***: پێتوایە ئەو خەتەرەی باستان کرد لەسەر ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش هەیە ؟**

**جەمیل بایك:** هەر پارچەیەك بچێت ڕۆژهەڵاتیش دەچێت، ئێمە تەنها حزبی سیاسی نین لە کوردستان، جگەلە ئێمە حزبی تریش هەیە هەموویان دەڵێن ئێمە خەبات بۆ کوردستان دەکەین، لە ڕۆژئـاوا خەتەر هەیە ئێمە لە دژی دەوەستینەوە لە باکور و باشور هەیە دەوەستینەوە، با لە ڕۆژهەڵاتیش هەندێکی تر بوەستنەوە، حزبەکانی ڕۆژهـەڵات هەیە، با بەرامبەر هـەڕەشـەکـان بوەستنەوەو ئێمەش هاوکاریان دەکەین، ئێمە ناتوانین لە کۆبانێوە تا کرماشان شەڕ بکەین.

(2)

***: بۆچی پرۆسەی ئاشتی بەم دۆخـەی ئێستا گەیشت؟**

**جەمیل بایك:** پرۆسەکە لە باکور تەنها یەك لایەنە بەرەوپێشچووە، ئەویش لەلایەن ئاپۆوە پێشخراوە، سەرەڕای زۆری و زەحمەتی و دەستێوەردانەکان و ئاستەنگییەکانی دەوڵەتی تورکیا، لەلایەن ئاپۆ یەکلایەنە بەرەوپێش برا. ئاپۆ بۆ ئەوە ی کێشەی کورد لەرێگای سیاسەتی دیموکراتیك چارەسەرببێ و پێواژۆکە بگەیەنێتە دانوستان پێداگری کرد و زۆر شتیشی قبوڵ کرد، ئەوەش بەپاڵپشتی ئەوەی کە رێبەر ئاپۆ باوەری بە بزوتنەوەکەی و گەلی خۆی هەبوو.

دەوڵـەتـی تـورك هیچ شتێکی قـبـوڵ نـەکـرد و

پێکی نەهێنا، لەوبارەیەوە یەکلایەنە تائێستا (**9**) جار ئاگربەستمان ڕاگەیاندووە، دواجاریش نەورۆزی (**2013**) بە تەنها ئاگربەستمان ڕاگەیاند، زیندانییەکانمان بەردا و شەڕمان ڕاگرت، گەڕانەوەی گەریلاکانمان ئەنجامدا، هەرکەس دەزانێ ئەو هەنگاوە پێویستی بە لایەنی سێیەم هەیە، بۆ چاودێریکردن و واژۆکردن بۆ ئەوەی بکەوێتە بواری جێبەجێکردن.

بەهۆی ئەوەی لایەنی سێیەم و چاودێریش نەبوو هیچ شتێکیش نەهاتبوویە ئیمزاکردن، بەڵام ئێمە هەنگاوی گرنگمان هاویشت. ئاپۆ مەبەستی بوو کە دەیەویست زەمینەی دانوستان ئاوەڵا بکات، چونکە ئەو شتانەی پێویست بوو بە گفتوگۆ چارەسەر بکرێ چارەسەرکرا بوو، ئەگەر گفتوگۆکان بەم شێوازە بەردەوام بوایە هیچ واتایەکی نەدەما، بەڵام ئاپۆ لەناو هەموو زۆر و زەحمەتییەکاندا هەنگاوی یەکلایەنەی هاویشت و زەمینەی دانوستانی ئاوای کرد. هەربۆیە دەیەویست دەوڵەت و حکومەتی تورکیاش بکێشێتە ناو ئەو پرۆسەیە و دانوستان هەبێ و کێشەکان چارەسەر ببێ.

دەوڵەتی تورکیا هەنگاوی نەنا هەموو کات بە وتاری هیوا دروستکردن، خەڵەتاندن دەیانەویست لەناو فشارێکی کە ئاپۆ لەسەریان دروستی کردبوو خۆیانی لێ دەرباز بکەن. بەرنامەکانی خۆیان بەڕێوە نەدەبرد، چونکە ئەوان ئەو بەرنامەیان بۆ بەردەوامی دەسەڵاتداری خۆیان و قازانجکردنی هەڵبژاردنەکان دەویست. بەو رێگەیە دەیانەویست کێشەی کورد بکەنە قوربانی هەڵبژاردن و لەسەر دەسەڵاتی خۆیان بەردەوام بن، لەبەرئەوە ئێمە وتمان بە زۆری و زەحمەتی پرۆسەکەمان هێنایە ئەو ئاستەو وتمان ئیتر بەو رەنگە بەڕێوە ناچێ. مەرجی دانوستانمان دەست نیشانکرد، وتمان ئەگەر ئێوە دەتانەوێ کێشەکە چارەسەر بکەن ئەوکات پێویستە ئێوە دانوستان قبوڵ بکەن.

یەکەم بۆ ئەوەی دانوستان پێشکەوێ پێویست بوو هەلومەرجی ئاپۆ بگۆڕایە و ئازاد بکرایە، بۆ ئەوەی بیتوانیایە کار بکات، لەبەرئەوەی گەلی ئێمە و تەڤگەری ئێمە  ئاپۆیان بۆ دانوستان دەستنیشان کردبوو، لەبەرئەوە پێویست بوو شەرت و مەرجی رێبەرایەتی چارەسەر بکرابوونایە. لەو رۆژەوەی کە ئاپۆ گیراوە تائێستا تەنیا یەك گۆڕانکاری دروست بووە، ئەویش هەیئەتی (**HDP**) حەفتەی جارێك

سەردانی ئاپۆ دەکات، بەڵام دەوڵەت و حکومەتی تورکیا دەستوەردەداتە کاروباری ئەو شاندەش و بەو پێیەی خۆی ئەو کەسانەش دەستنیشان دەکات و لەنێوانیاندا هەڵیاندەبژێرێ و هەندێکیان دوردەخاتەوە، لە هیچ شوێنێکی تر شتێکی بەمشێوەیە نییە.
لەبەرئەوەی لە هەر شوێنێکی تر کێشەی لەمشێوەیە بە چاودێری لایەنی سێیەم چارەسەر دەکرێ، لەبەرئەوە بە دەوڵەتمان راگەیاند پێویستە لایەنی سێیەم بۆ چاودێری هەبێ، لایەنی سێیەم نەبێ ئاستەمە بتوانرێ چارەسەری دروست ببێ.
ئێمە هیچ ناوەندێك یان دەوڵەتێکمان پێشنیار نەکرد و هەموو دەرفەتێکمان خستەپێش ئەوان، پێمان وتن دەتانەوێ دەوڵەت یان هەر رێکخراوێکی نێودەوڵەتی بێ، یان بتانەوێ پەرلەمانتارێکی تورکیا، رێکخراوی مەدەنی تورکیا بێ. رامانگەیاند کاتێك ئێمە راست نزیکی پرۆسەکە نەبین یان ئێوە راست نزیك نەبن، یان کێ نایەوێ چارەسەری پێش بکەوێ با دەستنیشان بکرێ.
پێشمانوتن پێویستە ئێمە شاندی خۆمان دەستنیشان بکەین و تورکیاش شاندی خۆی دەستنیشان بکات، ژمارەی ئەندامانی وەك یەك بن و لە شەرت و

مەرجێکی ئازاد دابنیشین و دانوستان بکەین، بەڵام دەوڵەتی تورکیا هەتا ئێستا ئەو مەرجەی قبوڵ نەکردووە و بەردەوامیش پڕوپاگەندە دەکات دەڵێ پێواژۆ باشە، پێش دەکەوێ کەمێکی ماوە بگەینە ئەنجام. دەوڵەتی تورکیا بەمشێوەیە دەیەوێ هیوا لە ناو گەل دروست بکات، بەڵام لەراستیدا خەڵەتاندن و لە کردەییدا هیچ شتێك نییە. ئەو شەڕێکی سایکۆلۆژی تایبەت لە دژی سەرۆکایەتی، گەل و حەرەکەتی ئێمە بەڕێوە دەبات. تواندنەوەو لەناوبردنی کولتور هەر بەردەوامە، دروستکردنی بنکەی سەربازی، دروستکردنی سەد و ڕێگای سەربازی هێشتا بەردەوامە. چەتەگەری زیاد دەکات و ئەمانەش هەمووی بنەمای ئاگربەست ناهێڵن.

دەوڵەتی تورکیا تەنیا ئۆپراسیۆنە گەورەکانی راوەستاندووە، تائێستاش فڕۆکە سیخوڕییەکانی دەنێرێ. دەوڵەتی تورکیا لە ئاگر بەست سودی وەرگرت و هاوکاری داعشی کرد و گەورەی کرد، بەو هاوکارییەی شەڕی لە ڕۆژئاوا گەورە کرد و قەتڵ وعام لەسەر گەلی ئێمە ئەنجام دەدات، ئەمەش نیشانی دەدات کە دەوڵەتی تورکیا نایەوێ کێشەکە بەڕێی سیاسی چارەسەربێ و ئامانجی دەوڵەتی لەناوبردنی کوردانە.

تورکیا لە بانگەوازییەکەی ئاپۆ کە لە نەورۆزی (**2013**) ئاراستەی کرابوو سودی وەرگرت، دەڵێین ئاپۆ لەبەردەم هەموو جیهان رایگەیاند کە لەگەڵ ئەوەیە کێشەکان بەڕێی سیاسی چارەسەر ببێ. دەوڵەت ئەڵێ ئێمە بەم رێیەو بەو جۆرە چارەسەری ناکەین، بەلایەوە وایە ئێمە ناتوانیین شەڕ بکەین و گەریلا بجوڵێنین. بەهۆی ئەوەیە دەوڵەتی تورکیا چارەسەری بەڕێوەنابات و تەنیا هیوای خەڵەتێنەر بۆ گەل و رای گشتی دەکاتەوە. بەوهۆیەوە ئامانجی دەوڵەت چارەسەرکردنی ریشەیی نییە، خەڵەتاندن و تواندنەوەو لەناوبردنی کوردانە.

بەتایبەت لە دوای هێرشەکانی داعش بۆ سەر کۆبانێ راستی دەوڵەتی تورکیا دەرکەوتە، دەرکەوت دەوڵەتی تورکیا هاوکاری خۆی لەگەڵ داعش نابپچڕێنێ و نایەوێ کێشەکە بە سیاسی چارەسەر ببێ و دەیەوێ کێشەکە بە شەڕ چارەسەر بکات، بەمشێوە یە دەوڵەتی تورکیا بنەمای ئاگربەستی لەناوبرد و پرۆسەی ئاشتی کۆتایی پێهێنا. ئێمە دەمانەویست بەردەوام بێ و ئەوان پەلکێشی چارەسەری ریشەیی بکەین. دەوڵەتی تورکیا ئەوەی بۆ ئێمە وەك لاوازی بینی و پرۆسەی ئاشتی بەشێوەی خۆی بەکۆتا هێنا. ئەمجارە هەوڵدەدا کە

چۆن حەرەکەتی ئێمە لاوازو بێ کاریگەر بکات، ئیتر ئێمە لە هەموو لایەکەوە دەبێ لەبەرامبەر شەڕ، قڕکردن و تواندنەوە خۆمان بپارێزین، بۆ ئەمە لەبەرامبەر هەموو هێرشەکان پاراستنی رەوا پێش دەخەین.

***: چالاکی بەدلیس و ئامەد گرێدراوی تێکچوونی ئاگربەست بوو، یان نا؟**

**جەمیل بایک:** شەڕ لە کۆبانێ بەردەوامە، ئەوەش لەبەرچاوە ئەوەی هاوکاری داعش دەکات و چەك و تفاقی پێدەدا دەوڵەتی تورکیایە. دەوڵەتی تورکیا نەك تەنیا لە باکور، بەڵکو دەیەوێ لە رۆژئاوای کوردستانیش دەستکەوت و هێزی کورد لەناو بەرێ، هەر لەبەر ئەوەیە دەوڵەتی تورکیا داعشی بەڕێکرد بۆ سەر کۆبانێ، دەوڵەت دەیەوێ کۆبانێ بێ مرۆڤ بهێڵێ، بە دەستی داعش تانك و تۆپ بەکاردەهێنێ، بۆ ئەوە دەرگای خۆی کردووەتەوە و بە گەلی وت وەرن. ئەوە راستییەکەیە دەوڵەت بەم رێگەیە دەیەوێ بە رای گشتی بڵێ کە پێویستیم بە هاوکاری هەیە، بۆ ئەوەشە دەڵێ دەبێ هەرێمی قەدەغە کراو رابگەیەندرێ. مەبەستی ئەو هەرێمی رۆژئاوای کوردستانە، کاتێك ئەوەی پێکهێنا

ئەمجارە رووی خۆی بداتەوە دەستکەوتی کوردان و کانتۆنەکانی کە دروست کراون لە ناوبەری، ئەگەر تورکیا ئەو فشارو هەڕەشانەی خۆی بەردەوام بکات وەڵامدانەوەکانیش هەر بەردەوام بێ و ئەو وەڵامانەش هەر گەورەتر دەبن.

***: لە دەسپێکردنی پرۆسەی ئاشتی تا ئەمڕۆ کورد و (AKP) چی سودێکیان بینیوە؟**

**جەمیل بایك:** لەو پرۆسەی ئاشتییەدا هەم حکومەتی (ئەکەپە) و هەم کوردیش قازانجی کردووە، ئەگەر ئاپۆ پرۆسەکەی دەست پێنەکردایەو شەڕ بەردەوام بوایە، ئەوا ئەکەپە هەڵبژاردنی ئەردۆغان وەك سەرۆك کۆماری قازانج نەدەکرد، ئەگەر پڕۆسەکە دەستی پێنەکردایە چۆن هەموو حکومەتەکانی پێشوو تێکچوون ئاواش (ئەکەپە) تێك دەچوو، بۆ ئەوەش ئەکەپە لەو پرۆسەیە سودی وەرگرت.

لەبەرئەوەی ئاپۆ رەوایەتی بە دەستهێناوە، دەیانەوێ ئاپۆ لە مرۆڤایەتی داببرن، دەیانەوێ ئاوا نیشانی بدەن وەك ئەوەی ئاپۆ رێبەری حەرەکەتێك و گەل و ئازادی نییە. دەیانەویست ئەو راستییەی کە ئاپۆ و حەرەکەت بەڕێوەی دەبەن لەلایەن

هیچ کەسێکەوە ئاشکرا نەبێ و دەیانەویست ڕێبەرایەتی بێ کاریگەر بکەن و تەنانەت لەرووی جەستەییشەوە دووری بخەنەوە، بەڵام لە نەورۆزی (**2013**) بانگەوازی ئاپۆ پێشی لەوەگرت، چونکە دەرکـەوت پرۆسەیەکی یەك لایەنە پێش دەخات و دەیــەوێ کێشەکان بەرێی سیاسی چارەسەر بکات. ئەو سیاسەتانەی چەندین ساڵە لەسەر ئاپۆ بەڕێوەیان دەبرد هەمووی تێکچوو، چونکە ئەوە ئاشکلرا بوو کە بەبێ ئاپۆ کێشەکە چارەسەر نابێ، هەروەها لەسەر پەکەکە وێنەیەکی خراپیان دروستکرد بوو کەئەوەش وای کرد خستیانە لیستی تیرۆرەوە، هەرچەندە ئەو بڕیارە بە تەواوی سیاسی بوو.

لە رۆژئاوا و شەنگال دەرکەوت کە پارتی کرێکارانی کوردستان (پەکەکە) حەرەکەتێکی مرۆڤایەتی و ئازادییە، نەك حەرەکەتێکی تیرۆریستی. بێ مافێکی گـەورەوە لەبەرامبەر پەکەکەو ڕێبەرە کەی ئەنجامدراوە، لە کەسایەتی ئاپۆ و پەکەکەدا بێ مافی لەبەرامبەر کـوردان کـراوە، پەکەکە حەرەکەتێکی یەکسانییە، ئەوەی کە هەموو دین و مەزهەب و کولتورێك دەپـارێزێ پەکەکەیە. بەمشێوەیە پەکەکە وێنەیەکی نوێی پێشخست، بۆ

ئەوە بوو پەکەکەیان خستە ناو لیستی تیرۆرەوە. بۆیە ئێستا قسە لەسەر ئەوە دەکەن دەریبهێنن. هەندێك لەوانیش دەڵێن پێویستە ئێمە پەکەکە لە لیستی تیرۆر دەربکەین و هاوکاریشیان بکەین، لەبەرئەوەی تەنها پەکەکە لەبەرامبەر فاشیزمی داعشدا وەستاوەتەوە. بەمەش دەرکەوت کە پەکەکە تەنیا حەرەکەتێکی چەکداری نییە، حەرەکەتێکی سیاسی، ئازادی، ئەخلاقی و کولتورییە، لەبەرئەوەی پەکەکە دەیەوێ کۆمەڵگایەکی نوێ، کەسایەتییەکی نوێ و ژیانێکی نوێ دروست بکات، بە تایبەت لە کوردستان و رۆژهەلاتی ناوین ئازادی ژن پێشبخات، لەبەرئەوەی ئازادی ژن ئازادی کۆمەڵگایە بۆ ئەوەش هاتە مەیدان، لە رۆژهەلاتی ناوەڕاست تەڤگەری ئازاد، دیموکراسی و یەکسانی کۆمەڵگا ئاپۆ بەڕێوەی دەبات. بێ فەلسەفەی ئاپۆ لە رۆژهەلاتی ناوین کێشەکان چارەسەر نابێ.

***: پێویستی (ئەکەپە) بە بەردەوامی پرۆسەی ئاشتی هەیە، یان نا ؟**

**جەمیل بایك:** (ئەکەپە) وەك پێشوو دیسان دەیەوێ پرۆسەکە بەردەوام بێ، بۆئەوەی بتوانێ هەڵبژاردنە پەرلەمانییەکەی (**2015**)ش قازانج

بکات، (ئەکەپە) مەبەستی خۆی دەستنیشان کردووە ئەویش هەتا (**2023**) دەسەڵاتداری خۆی بەردەوام بکات، لەبەرئەوەی (**2023**) سەد ساڵەی ئاوابوونی کۆمارییە، لە مێژوودا هەردەم داگیرکار هەموو قورسایی خۆیان دەخەنە سەر پشتی ژێردەستەکان و خۆیان دەخەنە سەر پشتی ژێردەستەکان و یەکێکی لە دژی ئەوان تێکۆشانی ئازادی دەکات، هەربۆیە(ئەکەپە) دەیەوێ ئەوە بکات.

***: ئەگەر پێواژۆ بەمشێوەیە بەردەوام بێ ئاستی تێکۆشان لە چی ئاستێکدا بەردەوام دەبێ؟**

**جەمیل بایك:** ئەوە گرێدراوی حکومەت و دەوڵەتی تورکیایە، ئەگەر دەوڵەتی تورکیا لە بێ ڕێزی و گوشارو هەڕەشەکانی خۆی بەردەوام بێ و بەو شێوەیە بییەوێ گەلی ئێمە لە مەیدان دەربکات، ئێمە لەبەرامبەریدا بە هەموو شێوەیەك دەوەستینەوە، ئێمە نەك تەنیا بە گەریلا، بەڵکو سەرهەڵدانی گەل و چالاکی جۆراوجۆر ئەوانە پاك دەکەینەوە، تائێستا نەمانویستووە لەو ئاڵۆزییەی هەیە سود وەرگرین، ئێمە لەژێر بەرپرسیارێتی مێژوویدا هەنگاو داوێژین و نامانەوێ لە فرسەتی

ئاوا ئەنجام وەرگرین، بەڵام دیارە دەوڵەتی تورکیا ئەوانە بەخراپی بەکاردێنێ.

ئەمڕۆ لە سوریاو عێراقدا شەڕە، لە ئێراندا چی ڕوودەدا هیچ دیارنییە، لە دەوروبەری تورکیا شەڕە هەرچەند (ئەکەپە) دەوڵەتی تورکیای خستووەتە دەستی خۆی، بەڵام ئەوە بەو واتایە نایە کە لەناو تورکیادا هیچ کێشەیەك نییە، لە تورکیا و لە ناو (ئەکەپە) خۆشیدا کێشە هەیە، ئەگەر ئێمە شەڕ پێش بخەین ئەو کێشانەش گەورەتر دەبن. لەو حاڵەتەدا دەوڵەتی تورکیاش بەمشێوەیە بڕوات ئەگەری ئەوە هەیە، کە وەك عێراق و سوریای لێبێ. ئەوە راستی تورکیایە و لەوەش زۆر دەترسێ، لەبەرئەوەیە دەوڵەتی تورکیا هەوڵدەدا هەموو چەپەڵیەکانی خۆی بخاتە سەر کوردان. وەك ئێمە دەیبینین دەڵێ هۆکاری هێرشەکانی داعش سیاسەتی (**PYD**)یە، ئەو پڕوپاگەندانە دەکات و مەبەستیشیەتی کەموکوڕییەکانی خۆی بخاتە سەر کۆبانێ. دەوڵەتی تورکیا بۆخۆی هاوکاری داعشی کرد، داعشی گەورە کرد و هاویشتییە سەر کۆبانێ.

## (3)

***: ڕۆڵی کوردستان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا چییە ؟**

**جەمیل بایک:** ئێستا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا دوو دەوڵەتی سەرەکی هەیە، یەکیان ئێرانە و ئەوی تریشیان تورکیایە. هەردوو دەوڵەت لەسەر ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەیانەوێ دەسەڵات و هەژمونگەرایی خۆیان پێشبخەن، تورکیا بە پەیوەندییەکانی لەگەڵ ناتۆ و ئەوروپا ئامانجەکانی خۆی پێکدەهێنێ، بۆ پێکهێنانیشی هێڵی سوننە پێش دەخات و دەیەوێ لەم ڕێگەیەوە بگاتە ئەنجام. بەرەی سوننەش ئەمڕۆ داعشە، لەبەرئەوە بە هەموو شێوەیەك هاوکاری داعش دەکات و دەیەوێ لە ڕێگەی داعشەوە زیان بە کوردان بگەیەنێ، لە سیاسەتی ڕۆژهەڵاتی

ناوەڕاستدا قورسایی خۆی دروست بکات، بۆ ئەوەی بتوانێ ئەوە بکات بازرگانی بە شتەکانەوە دەکات، دەڵێ ئەگەر ئێوە دەڵێن هاوکاری داعش مەکەن، ئەوکات ئێوەش هاوکاری پەکەکە، کوردان و رۆژئاوا مەکەن، کاتێك ئێوە هاوکاری پەکەکە بکەن منیش هاوکاری داعش دەکەم و بازرگانی بەوەوە دەکات.

ئێرانیش کولتوری رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە بنەما دەگرێ، لەسەر ئەوە دەیەوێ ئامانجەکانی خۆی پێکبهێنێ، بۆ ئەوەش هێڵی شیعە لەبەرامبەر سوننە بەکاردەهێنێ. بەو هۆیەوە لە نێوان تورکیا و ئێران لە سوریا و عێراق ناکۆکی و شەڕ هەیە، لە زۆر لایەنەوە شەڕە و دەیانەوێ بگەنە ئەنجام، شەڕی عێراق و سوریا لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدایە ئەویش لە ناو کوردستاندا بەڕێوە دەچێ.
چۆن رۆژهەڵاتی ناوەڕاست پایەی جیهانە، ئاواش کوردستان پایەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستەو تەنیا پێگە(ستاتۆ) بە کوردان دیاری دەکرێ. ئەوانیش دەیانەوێ کورد و کوردستان رۆڵی نەبێ، ئەوەی دەوڵەتەی کورد قازانج بکات ئەویان دەتوانێ ئەنجام وەرگرێ، ئەوەی کە کوردیش بێ کاریگەر بکات ئەویش دەتوانێ ئەنجام وەربگرێ، لە شەڕی جیهانی یەکەم و دووەم کورد بێکاریگەر کرا، ئەوەی ئەم

کارەی کرد لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست سیستمی خۆی دامەزراند، لەو چوارچێوەیەشدا سیستمی مۆدێرنێتەی سەرمایەداری لە جیهاندا پێشخرا.
رەوشی ئەمڕۆی کوردان وەك سەردەمی شەڕی جیهانی یەکەم و دووەم نییە، لەمڕۆدا کوردان خاوەن ئیرادە و هێزن. کورد لە هەموو پارچەکان تێکۆشان دەکات، ئیتر قبوڵ ناکەن وەك پێشوو لە دۆخی شەڕی جیهانی یەکەم و دووەمدا ژیان بکەن.
کورد ئەڵێ من زیندووم و ژیان دەکەم لەبەرئەوە بەرخۆدان و تێکۆشان دەکات، لەبەرئەوەی هێزی سەرەکی و زیندوو کوردە، ئەوەی کە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستیش دەگۆڕێ کوردە، بۆ ئەوەشە کە دەیانەوێ لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا سیستمی دەسەڵاتداری خۆیان دروستبکەن، مەبەستیانە کوردان لەناوبەرن و هەندێکیش دەیانەوێ لەسەر کوردان دەسەڵاتداری خۆیان ئاوا بکەن. پێویستە کورد یەکێتی خۆیان بەهێزتر بکەن، بۆ ئەوەی هەم بۆخۆیان هەم بۆ گەلانی ناوچەکە ئەرکی خۆیان پێکبێنن.

***: لەو نێوەندەدا رۆڵی (PDK) چییە ؟**

**جەمیل بایك:** ئێستا لەناو هەر وڵات و گەلێکی جیاجیادا پارت و رێکخراوی جیاواز هەیە،

هەرکامیان بەرنامەو شێوازی جیاوازیان هەیە، هەر کۆمەڵگا یان لەبەشێکی کۆمەڵگادا نابێ لایەنێك هەژمونگەرایی خۆی دروست بکات، ئەوە قبوڵ ناکرێ، بۆ ئەوە پێویستە خەباتی حزبی لە هەموو بەشەکاندا هەبێ، کورد لەو رووەوە دەوڵەمەندە و ئەوەشە کۆمەڵگای کـوردەواری زیندوو دەهێڵێتەوە.

پارتـی دیموکراتـی کوردستان پارتێکـی کۆن و خەتێکە، کوردستان ئەو خەتەی هەیە و دەشیبێ، خەتی تریش هەن وەك پەکەکەش خەتێکی ترە، پارتەکانی تریش بەڵکو نزیکی ئەو خەتانە بن. جیاوازی نێوان ئەو پارتانەش هەیە، ئەگەر تۆ لە کوردستان دەڵێی دەبێ تەنیا من هەبم یان ئەوانی تر نەبن، ئەوە قبوڵ ناکرێ و راستیش نییە، کۆمەڵگاش قبوڵی ناکات، بۆ ئەوە پێویستە هەرکەس یەکێتی بە بنەما وەرگرێ، هەموان لەسەر ئامانجی یەکێتی نەتەوەیی بگەنە یەکتر. لەناو پارتەکاندا هەر کەس بە شێوازو بەرنامەی خۆی کار دەکات، پێویستە هەموو پارتەکان رێگر نەبن لەسەر نەتەوەیی بوون و نەتەوە نەکەنە خزمەتی خۆیان و بکرێتە قوربانی، پارتەکان پێویستە نەتەوەیی بـوون بە بنەما وەرگـرن.

کاتێك ئەمە کرا ئەوکات کوردیش قازانج دەکات، کاتێکیش کورد سودی بینی ئەوا حزبیش سودمەند دەبێ، ئەوەی کە سود بە کوردستان و هەرێمەکە نەگەیەنێ ناتوانێ سەربکەوێ، ئەو راستییەش ئەمڕۆ باش ئاشکرا بووە.
ئێستا پارتی دیموکرات دەڵێ حزبەکانی تر لە دژمان هاوپەیمانیان پێکهێناوەو دەیانەوێ من لاواز بکەن، بەو دەروونییەوە حەرەکەت دەکات. ئەوە راست نییە، هیچ لایەنێك هاوپەیمانی پێکنەهێناوە بۆ ئەوەی پارتی لە مەیدان دەربکرێ، کەس رێکەوتنێکی وا ناکات. بۆچی پارتی لە مەیدان بکرێتە دەرەوە، ئەوە خزمەتی هیچ کەس ناکات و راست نییە، پارتی ئەڵێ من حزبێکی گەورەم ماوەیەکی درێژە تێکۆشان دەکەم، لەم حاڵەتەدا پێویستە بەرپرسیارانەتر نزیکی پرسەکان بێتەوەو راستیەکەش ئەوەیە. ئەوکات پارتی لاواز نابێ، لەبەرئەوەی هەر لایەنێك بەرپرسیارییەتی خۆی پێکبێنێ گەل گەورەی دەکات، بە گەل گەورە دەبێ.
پارتی لەگەڵ تورکیا پەیوەندییەکی زۆری پێش خست، کاتێك کە داعش هێرشی باشوری کوردستانی وەك(هەولێر، دهۆك، شەنگال و

مەخمور) کرد، بەڕێز بارزانی داوای هاوکاری لە تورکیا کرد، بەڵام تورکیا هاوکاری نەکرد، بەمشێوەیە دەرکەوت ئەو پەیوەندیەی تورکیا لەگەڵ باشوری کوردستان هەیەتی تاکتیکییە، نەك ئەوەی تورکیا بە دەستکەوتەکانی باشور دڵخۆش بێ، بەڵکو بە نەوتەکەی دڵخۆشە. بەمشێوەیە نەبێ دەبوو لەکاتی تەنگانەدا هاوکاری بکردایە.

دەوڵەتی تورکیا هیچ دۆستی کوردان نییە، هیچکات نایەوێ کورد سەربکەوێ و پێشکەوێ. تورکیا هەمووکات ئەیەوێ کورد بەلاوازی بمێنێتەوە، پارچە ببێ و ناکۆکی لەناویدا دروست ببێ. مەبەستی دەوڵەتی تورکیا خستنەوەی ناکۆکییە و دەیەوێ لە ناو حزبە کوردییەکاندا شەڕی ناوخۆ رووبدا. تورکیا دەیەوێ پەکەکە لاواز بکات، کاتێك پەکەکە لاواز بوو دواتریش حزبەکانی تر لاناو ببات، ئەمڕۆ ئاشکرابووە کە دەوڵەتی تورکیا نایەوێ لە باکوری کوردستان کێشەی کورد چارەسەر ببێ، بۆ ئەوەش لە کۆبانێ هاوکاری داعش دەکات.

***: بۆچی کۆبانێ لە رووی ستراتیژی ئەوەندە گرنگە؟**

**جەمیل بایك:** وەك ئاشكرایە داعش لە رقدا خۆیان جێگیر كردووە، بۆ ئەوەی كە بتوانن بەردەوام بن و لە رەقیشدا رێكخستوو ببن، پێویستە كۆبانی لەو ناوە لەسەر رێگەیان لابدەن لەبەر ئەوەی كۆبانی بۆیان مەترسییە. ئەحمەد داود ئۆغڵۆ پێش دوو ساڵ لەمەوبەر رایگەیاند بوو كە دان بە رۆژئاوادا نانێن و پێویستە كورد بە ئیرادەی خۆی، خۆی ئەوە بە ڕەوا نەبینێ. ئەمڕۆ لە رێگەی داعشەوە ئەوە پێكدێنێ، توركیا داعشی بەڕێكردە سەر كۆبانێ، بۆ ئەوەی توركیا بڵێ كێشەم لەرووی هاوكارییەوە هەیە و دەبێ هەرێمی قەدەغەكراو رابگەیەنم و ئەوەشی كرد. مەبەستی دروستكردنی هەرێمی قەدەغەكراو بە واتای لەناوبردنی رۆژئاوای كوردستانە.

ئەوەی لە باشور، رۆژئاوای كوردستان دژی كوردان وەستاوەتەوە و نایەوێ لە باكور كێشەی كورد چارەسەر ببێ و دژایەتی دەكات، توركیایە، بۆ ئەوە پێویستە گەلی ئێمە ئەمانە هەمووی بزانێ، ئێمە ناڵێین پەیوەندی پێوە نەكرێ، بەڵام پێویستە بڕوا

بەو پەیوەندییانە نەکرێ، بەهۆی ئەوەی دوژمنی گەورەی کوردان تورکیایە.
داوای مەسعود بارزانی لە تورکیا نییە، دەبوو هاوکاری لە کوردان بکردایە، نەك لە داگیرکار ئەوە راستییەکەیە. مرۆڤ بە هاوکاری دەتوانێ لەبەرامبەر هەموو مەترسییەکان بووەستێتەوە.

***: بەردەوامی کۆبانی تا چ ئاستێك بەردەوام دەکات؟**

**جەمیل بایك:** بەرخۆدان تادوایی بەردەوام دەبێ و سەریش دەکەوێ، کۆبانی دەبێتە گۆڕستانی داعش و تورکیا لەوە تێدەگات، لەوێ قارەمانییەتییەکی گەورە دەخوڵقێ و هەم لەلایەن گەل و هەم لەلایەن (**YPG**) و (**YPJ**) قارەمانییەتییەکە پێشدەکەوێ.
شەڕڤانانی (**YPG**) و (**YPJ**) نەك تەنیا روح دەدەنە کوردان، بەڵکو رۆحیش دەدەنە ئەو گەلە هەژارانەی لەژێر زوڵم و زۆرداریدا دەژین. هەرکەس دەتوانێ لەوانەوە فێر ببێ چۆن شەڕ بکات و چۆنیش بیگەیەنێتە ئامانجی خۆی، لەبەرئەوەی هەستی ئازادی بەرز دەکەنەوە، کۆبانی نەك تەنیا دڵی کوردانە، دڵی مرۆڤایەتی لەوێ لێدەدا، لەبەر ئەوە

دوژمن هەرچی بکات ناتوانێ ئەنجام وەربگرێ.
هەندێك كەس بەزانایی و هەندێکیش بە بێئاگایی پڕوپاگەندە بۆ داعش دەکەن، وەك دەبینین هەندێك دەڵێن کەم ماوە چەتەی داعش بە تۆپ و تانك بگەنە ناو کۆبانێ، بەو پڕوپاگەندانە داعش گەورە دەکەن، مەبەستی داعشیش ئەوەیە.
ئەمڕۆ پەکەکە لە ناو کوردان و رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بەرخۆدان دەکات و بەو بەرخۆدانە باوەڕییەکی دروست کردووە،هەر كەس دەڵێ پەکەکە هێزی پاراستنی گەل، ئایین و هەموو مەزهەبەکانە.
هەر كەس بە (پەکەکە) باوەڕ دەکات، دەڵێ ئەو هێزی پاراستنی گەلانەو دەبێ لەگەڵێ ببینە یەك، بەهۆی ئەوەی رێگای راست ئەوەیە، بەم هۆیەوە دەیانەوێ کۆبانی بخەن و بڵێن کە پەکەکە هێزی پاراستن نییە، هەروەها دەیانەوێ کوردان لاواز بکەن و بۆیان بەکاریان بهێنن لەم رێیەوە بگەنە ئەنجام. بەم هۆیەوە لە بەرامبەر فاشیزمی داعشدا کەس نەوەستایەوە، داعش خۆی پێش نەکەوت، دەیانەوێ لە رێگەی داعشەوە بگەنە ئامانج، بۆ ئەوەش پێویستە ئیرادەی کوردان تێکبشکێنن، لەبەردەمیشیاندا تەنیا تەڤگەری ئاپۆچییەتی و تەڤگەری کوردان هەیە.

ئەوە جاری سێیەمە داعش هێرش دەکاتە سەر کـۆبـانـی، داعــش هیچ کـات سـێ جـار هێرشی نەکردووەتە سەر شوێنێك، لەبەرئەوەی ناهێڵی داعش بگاتە ئەنجام بۆ ئەوە داعش هێرش دەکاتە سەر کۆبانی، هەروەها کۆبانی لەبەر ئەوەی دەستپێکی شۆڕشی رۆژئاوایە بەم هۆیەشەوە مەبەستییانە، لەبەر ئـەوە بەرخۆدانی کۆبانی پیرۆزە، لە شەنگال و مەخموریش دەبینرێ کە تەڤگەری ئاپۆچییەتی، تەڤگەرێکی جێگەی بڕوابوونە.

تەڤگەری ئاپۆچییەتی لە دژی زوڵم و زۆرداری دەوەستێتەوە و هاوکاری هەر کەسێك دەکات، بەرژەوەندی حزبی بە بنەما ناگرێ، بەرژەوەندی نـەتـەوە، گـەل و دیـن بە بنەما وەردەگـــرێ، بۆ ئــەوەش هەموو ئاستەنگی و زەحمەتییەکان دەخاتە بەرچاوی خۆی، ئەوان هەرکەسێك دەبینن و تا دێت لەناو گەل، ئاین و کولتورەکاندا پەکەکە گەورەتر دەبێ، ئەگەر ئەمڕۆ پەکەکە دەکرێتە ئامانج بەهۆی ئەوەیە کە رۆح و هێز دەداتە گەل و کلتورەکان.

ئەو دیمەنانەی گەریلا و پێشمەرگە لە شەنگال، کـەرکـوك، مەخمور بە یـەکـەوە دڵخۆشییەکی

زۆری بۆ گەل دروست کرد، بۆ ئەوەی هاوکاری دروستببێ هەوڵێکی زۆر دراو بۆ بەستنی کۆنگرەی نەتەوەیی، بەڵام پێش کۆنگرەی نەتەوەیی، پاراستنی نەتەوەیی دروستبوو، ئەوە زەروورییە و پێویستە دروست بکرێ.
کوردان دەیانەویست یەکێتی نەتەوەیی خۆیان دروست بکەن، بۆ ئەوەش پێویستی بە کۆنگرەی نەتەوەیی هەبوو. داعش کوردی هێنایە لای یەك، هەرچەند بۆ کۆنگرەی نەتەوەیی کورد نەگەیشتە ئەنجام، بەو واتایە نایەت کە ئەو کارانەی تائێستا کراون بە بەلاش رۆیشتووە، بۆ ئەوانەی دەیانوت کورد ناگەنە لای یەك، نەك کوردان لە هەموو پارچەکان گەیشتنە لای یەك، بەڵکو زۆر هەنگاوی گرنگیشیان بەیەکەوە هاویشت. هەرچەند لە شەڕی بەرامبەر داعش هاوکارییەك دروست بوو. ئەوە زۆر باش بوو، بەڵام هێشتا کەمە، پێویستە ئێمە ئەو هەنگاوانە پێش بخەین. گەلی ئێمە دەیەوێ پێشمەرگەو گەریلا لە سەنگەرێکدا لەبەرامبەر دوژمندا بوەستنەوە و بەیەکەوە دەستکەوتەکانی کوردان بپارێزن، مێژووش ئەوە لێیان دەوێ. پێویستە ستراتیژییەتێکی کوردان و هێزێکی هاوبەش درست بکرێ.

حکومەتی باشوری کوردستان و ناوەندەکانی باشور دەڵێن ئێمە لەگەڵ کوبانێین، ئەوە شتێکی باشە، بەڵام پێویستە نەك تەنیا بە زارەکی و پڕوپاگەندە لەگەڵ کۆبانی ببن، پێویستە بە پراکتیکی بکەن. پێویستە باشوری کوردستان لە دژی داعش شەڕ بکات، بەڵکو داعش تەنیا لە کۆبانێ نییە، لە باشور کوردستانیش هەیە. پێویستە ئەو ناوچانەی کە لە باشور کەوتووەتە دەستی داعش رزگار بکرێنەوە، لە زۆر شوێن گەریلا و پێشمەرگە نزیکی داعشن، پێویستە شەڕ بکەن و ئـەوان دەربکەن، ئەگەر ئەمە نەکەن پڕوپاگەندە و گوتار هیچ ئەرزشێکی نییە، قسەکردن خزمەتی کۆبانێ و رۆژئاوا ناکات. کاتێك لە باشوریش شەڕ دەستیپێکرد ئەوا داعش پارچە دەبێ و لاواز دەبێ ئەوکاتیش تێکۆشانی کۆبانێ بەهێزتر دەبێ. بەهۆی ئەوەی شەرت و مەرجی جوگرافی چونە کۆبانێ زەحمەتە، بەڵام دەتوانن چەك بنێرن و پێداویستی ئەوان دابین بکەن.
پێویستە گەلی ئێمە لە باشور باش بزانێ ئێمە حەرەکەتێکی کوردستانین، ئێمە حەرەکەتێکی پارچەیەکی کوردستان نین، ئێمە حەرەکەتێکی هەموو ئایینەکان و گەلانی بندەستین. لەسەر کێ

زوڵم و زۆرداری هەیە ئێمە دەمانەوێ هاوکاری ئەوان بکەین و بیانپارێزین، لەبەرئەوەی ئێمە ئەوە بۆخۆمان وەك ئەرکێك دەبینین، بۆخۆمان چیمان بوێ بۆ پارت ناوەندەکانی تریش ئەوەمان دەوێ. ئەوانەی بۆ کوردمان دەوی بۆ سوریانی، تورکمانی، عەربیش هەر ئەوەمان دەوێ. خواستی ئێمە ئەوەیە هەرکەس ببێتە خاوەن ئیرادە و ناسنامەی خۆی ئازاد. پێویستە برایەتی لەسەر بناغەی یەکسانی و ئازادی دروست بکرێ، کاتێك ئەوە روویدا شەڕو کوشتنیش نامێنێ، خواستی ئێمە دەوڵەت نییە، خۆبەڕێوەبەری دیموکراتییە. هەر کۆمەڵگایەك تایبەتمەندی خۆی هەیە بەو سەربەخۆییە داوای ئازادی و دیموکراتییەت دەکەین.

هەتا لە باشوری کوردستان لەسەر گەلی ئێمە و دەستکەوتی گەلی ئێمە مەترسی هەبێ، ئێمە ئەوان و حکومەتی هەرێم دەپارێزین. بەهۆی ئەوەی ئێمە ئەوە وەك ئەرك دەبینین و ئەرکی نەتەوەییە، داخوازی ئێمەش لەسەر هەموو حزبە سیاسییەکان و ناوەندەکانی کورد ئەوانیش ئەوە بەبنەما وەرگرن. دەمانەوێ ئەو یەکێتییەی لەبەرامبەر داعش دروست بووە زیاتر پێش

بکەوێ و هێزێکی کوردی دروست ببێ، بنەماکانی بەستنی کۆنگرەی نەتەوەیی دروستبووە، پێویستە ئیتر کۆنگرەی نەتەوەیی ببەسترێ.

کاتێك کورد هەمووی لەبەرامبەر داعش وەستابێتەوە ئەوا داعش ناتوانێ ئەنجام وەرگرێ و ئێمە کوردستان دەکەینە گۆڕستانی داعش و داگیرکاران.

# دیــداری دووەم لەگەڵ
# موراد قەرەیڵان

## (1)

موراد قەرەیلان ئەندامی کۆنسەی سەرۆکایەتی (کەجەکە) و (**PKK**) و ئەندامی دەستەی بەڕێوەبەری هێزەکانی پاراستنی گەل (هەپەگە) لە چاوپێکەوتنێکی تایبەت دا کە لە **18ـ12ـ2014** واتە دوو ڕۆژ پێش ئازادکردنی شەنگال لە قەندیل لەگەڵیدا ئەنجام دراوە، باس لە بارودۆخی ناوچەکە و گۆڕانکاریەکان دەکات.

قەرەیلان لەسەر رۆڵی هێزەکانیان و رێگەچارەی ئازادی هەمیشەیی هەرێمەکە، بۆ دووبارە نەبوونەوەی کارەساتەکان و چۆنیەتی سیستمی بەڕێوبەری دەدوێت، سەرەڕای دروستبوونی هەندێك گۆڕانکاری گرنگ لە ناوچەکەدا.

موراد قەرەیلان ئەندامی دەستەی بەڕێوەبەری هێزەکانی پاراستنی گەل (هەپەگە)، لە بەشێکی تری چاوپێکەوتنەکەدا تیشك دەخاتە لەسەر

کۆنگرەی نەتەوەیی، مانگرتنی زیندانیانی ورمێ، هەنگاوەکانی پرۆسەی چارەسەری لە باکوری کوردستان هەڵدەسەنگێنێت، دوایین دەرفەتەکان لەگەڵ حکومەتی ئەکەپە دەستنیشان دەکات.
مـوراد قـەرەیـڵان هـۆکـاری هـاوبـەش نەبوونی هێزەکان بۆ رزگارکردنی شەنگال ئاشکرا دەکات و لەسەر پرسی کۆنگرەی نەتەوەیی رایدەگەیەنێت: بۆ بەستنی کۆنگرەی نەتەوەی هەندێك ئاستەنگی نـاڕوون هەیە. تایبەت بە مانگرتنی زیندانیانی ورمێ دەڵێت: هەڵویست و سیاسەتی رۆژهەڵاتی کوردستان وەك پەیامێك وایە بۆ ئێران، هەروەها سەبارەت بە پرۆسەی ئاشتیش لە تورکیا دەڵێت «ئەگەر ئەکەپە لەو چوارچێوەیەدا نزیك نەبێ و دوایبخات ئەوە بە واتای شەڕە، واتا دوای هەڵبژاردن دەیانەوێ شەڕ لەبەرامبەرماندا رابگەیەنن، ئێمە پیشتر شەڕ رادەگەیەنین».

***: تائێستا لە چیای شەنگال بە هەزاران خەڵکی مەدەنی هەیە کە لەلایەن گەریلاکانی هەپەگە، یەژا ستار، یەپەگە، یەپەژە و یەکینەکانی بەرخۆدانی شەنگال دەپارێزرێن، گرنگترینشت بۆئەوان لەئێستادا چییە؟**

**قەرەیلان:** سەرەتا دەمەوێ بڵێم ئەمڕۆ ڕۆژێکی گرنگە، گەلی ئێمەی باشوری کودستان بەڵکو باش نەزانن، **36** ساڵ لەمەو پێش لە ڕۆژێکی وەك ئەمڕۆدا کۆمەڵکوژی مەڕەش ئەنجامدرا، گەلی ئێمەی عەلەوی لە مەڕەش کۆمەڵکوژ کران، لە هەمانکاتیشدا لە **2000/12/17** دا لە تورکیا لەژێرناوی گەڕاندنەوەی ژیان ئۆپەراسیۆنێك پێکهات، زیاتر لە **30** شۆڕشگێڕی تورك ژیانیان لەدەست دا، لە سەرەتادا لەکەسایەتی کۆمەڵکوژبووانی مەڕەش و ئەو کەسانەی لە گرتووخانەکاندا ژیانیان لەدەستداوە یاد دەکەینەوە، ئەو کەسانەی کۆمەڵکوژییەکەیان ئەنجامداوە شەرمەزار دەکەم.

لە هەمانکاتیشدا داعش ویستی کۆمەڵکوژییەك ئەنجام بدات، بەهۆی کەوتنی شەنگال لە دوولایەن شێوازی گەمارۆدان بەڕێوەچوو، دەیویست گەلی

ئێمەی ئێزیدی خۆیانیان رادەست بکەن، ئەگەریش خۆیان رادەست نەکەن ئەوا رووبەرووی قڕکردن دەکرێنەوە، بەمشێوەیە دەیانویست لەسەر گەلی ئێمەی شەنگال و باشور پراکتیزەی بکەن. ئێمە زوو هەستمان بەوەکرد و وەك هەپەگە خۆمان بە بەرپرس زانی کە هاوکاری گەلەکەمان لە شەنگال بکەین، لەگەڵ ئەوەی مەترسیش هەبوو ئێمە هێزێکمان خستە جوڵەوە .هێزەکانمان **4** ی ئاب کەوتنە جوڵەو لە **5** ی ئابیشدا بۆ ئەوەی بەر بەو کۆمەڵکوژییە بگرن بەرەو چیای شەنگال بەڕێکەوتن، بەڵام ئەمە بەس نەبوو، زیاتر لەسەد هەزار کەس لەسەرچیا کۆببونەوە و لە **8** ی ئابدا گرفتی گەورە دروست بوون، دوای ئەوەی بینیمان بەمشێوەیە نابێ بەهاوکاری هێزەکانی یەپەگە و یەبەژە لەلای رۆژئـاواوە رێڕەوێکمان کـردەوە، دوابەدوای ئەوەش بە هەزاران کەسمان لە گەلی ئێمەی ئێزیدی رەوانەی رۆژئاوا کرد. ئەوەش لەدوای ئەوە دروست بوو، بەڵام هەندێك لەوان ویستیان لەوێ بمێننەوە ئێمەش داوامانکرد گەلەکەمان جێ و واری خۆیان چۆڵ نەکەن، نزیکەی **10** هەزار کەس لەوێ مانەوە و تائێستاش هێزەکانمان لەشەنگال چییان لەدەست بێت بۆ پاراستنی گەلەکەمان کە

لەوێ ماون درێغی ناکەن. لە سەرتاشدا کەسێکی وەك هەڤاڵ گەنجۆ، ئارمانج، دڵکەش وچەندین فەرماندار و شۆڕشگێڕی بەڕێزمان لە شەڕی شەنگالدا شەهیدبوون. بۆئەوەی بەتەواوی ئەو شارە نەکەوێتە دەستی داعش، ئێمە ئەوەمان وەك ئەرکێکی مرۆڤانە، نەتەوەیی و ئەخلاقی خۆمان بینی. ئامانجمان لەوەدا پاراستنی گەلی ئێمەی ئێزیدی بوو، هەروەها پشتیوانی گەلی خۆمان لە باشور بکەین، بەڵام سەرەڕای ئەوەی کە ئێمە بەهەستی مرۆڤانە و ئینسانی ئەو ئەرکەمان پێکهێنا، بینیمان کە هەندێك لە دەورووبەران پێی دڵگران بوون، پڕوپاگەندەی ئەوەیان بڵاوکردەوە کە پەکەکە بچێتە هەر شوێنێك ئیدی لێی ناچێتە دەرەوە، بۆچی پەکەکە دەچێتە ئەوێ و ئەوانەیان کردە بابەتی گفتوگۆ. دواتریش داعش هێرشەکانیان لەسەر هێڵی مەخمور و کەرکوك پێش خست، ئێمەش وتمان وەك پەکەکە و هێزی پاراستنی هەپەگە دەبێ دەستکەوتی باشور بپارێزین، زانیاریمان دایە یەکێتی و پارتی و بەوشێوەیەش هێزەکانمان خستە جوڵەوە بەرەو هێڵی کەرکوك، دهۆك و شەنگال ناردمانن.

***: دوای ئەو رۆڵەی ئێوە بینیتان لە شەنگال چ شتێکی تر پێویستە بۆیان و دەکەوێتە ئەستۆی کێ؟**

**قەرەیلان:** ئێمە کارێکی مرۆڤانەمان کرد لەهەمانکاتیشدا بانگەوازیمان کرد، وتمان وەك چۆن ناوچەکانی شەنگال رزگار دەکرێت دەبێ شەنگالیش بەتەواوی رزگار بکرێت، بۆ رزگارکردنیش پێویستیمان بە یەکێتییەك هەیە. پێویستی بە یەکڕیزی پێشمەرگە و گەریلا هەیە. پیشتر من بۆخۆم و هاوسەرۆکایەتی کەجەکەش رامانگەیاندبوو، کە دەبێ بەرەیەك و فەرماندارییەکی هاوبەش پێکبێت و بەیەکەوە حەرەکەت بکەین، پارتی دیموکراتی کوردستانیش ئەوکات وتی ئێمەش دەمانەوێ هێزەکانی خۆمان بنێرینە شەنگال، ئێمەش وتمان باشە و رێگەمان بۆ کردنەوە و چەند پێشمەرگەیەك چوون لە چیای شەنگال بەجێ بوون. چوونی ئێمە بۆ شەنگال بۆ ئەوە بوو کە ئێزیدایەتی ئێزیدییەکان بپارێزین، نەك بۆ ئەوەی پەکەکە بچێت ئەوێ داگیر بکات، ئەگەر وابوایە ئێمە بانگی یەکێتیمان نەدەکرد و رێگەمان نەدەدا پێشمەرگە بچنە ئەوێ، ئامانجی ئێمە خزمەتکردنی گەلی کوردە و لەسەر ئەو

بنەمایەش ئەو بانگەمانکرد کە هێزێکی یەکڕیز و یەکگرتووی کوردان دروست بکرێت. لە ئامانجی ئێمەدا ئەگەر پەکەکە، یەکێتی و پارتی ئەوکاتە هێزەکانیان یەك بخستایە شەنگال لەکاتێکی زوودا رزگار دەکرا، مەبەستی ئێمەش ئەوە بوو. راستە کەس ئەو بانگەوازییەی ئێمەی رەتنەکردەوە، بەڵام بە ئەرێنی وەڵامیان نەدایەوە، ئێستاش ئێمە بەردەوامین لەو بانگەوازییەمان. لەوێ گەلەکەمان سەرەتا پێویستییان بە هاوکاری هەیە، دەبێ ئەو گەلە لەوێ بمێننەوە، شەنگال چۆڵنەکرێت، بەو هەولانەی کە هەپەگە لەسەر چیای شەنگال داویەتی بکرێتە ناوەندێك بۆ ئازادکردنی یەکجارەکی شەنگال، بەپێی ئەو زانیاریانەی دەست ئێمە کەوتووە هێزێکی پێشمەرگە لە لای زومارەوە هەوڵدانیان بۆ گەیشتن بە شەنگال دەستپێکردووە، ئەوە زۆر باشە، بەڵام دەبێ بە هاوبەشی بێت، ئەگەر ئەوە بە هاوبەشی پێك بهاتبایە، دەمانتوانی رێڕەوێکمان بۆ گەیشتن بە شەنگال بکردبایەوە، دەمانتوانی باکوری شەنگال هەمووی رزگار بکەین، دەبێ ئەو هێزەی هەپەگە لەوێ هەیە بەشداری لەو پرۆسەیەدا بکەن، لەبەر ئەوەی ئەو هێزەی ئێمە کە لە شەنگالە هێزێکی

کارامە و لێهاتووە.

لە ڕۆژئـــاوای کوردستان هێزی یەپەگە هەیە، دەبــێ لە نێوان پێشمەرگە، گەریلا و یەپەگەدا هاوپەیمانییەك دروست بکرێت، شەنگال بەتەواوی ڕزگار بکرێت هەموو پێداویستیەکانی گەل لەوێ جێبەجێ بکرێن. ئێمە لە **8**ی ئابدا ڕێرەوی مرۆییمان کردەوە، بەڵام کردنەوەی خەتێك چارەسەر نییە، دەبێ شەنگال بەتەواوی ڕزگار بکرێت، بۆئەوەش ئێمە پێشنیاری دروستکردنی یەکێتییەك دەکەین، ئەوا بۆ پێنج مانگ دەچێ ئێمە ئەو بانگەوازییەمان ڕاگــەیــانــدووە، تائێستا بەشێوەیەکی ئەرێنی هەنگاوی پێویست نەنراوە، دەمەوێ لێرەدا شتێك بڵێم، ئــەو کەسانەی دەڵێن ئامانجی پەکەکە جیاوازە، با هەموو کەس بزانێت تاکە ئامانجی ئێمە، دروستکردنی یەکێتی و هێزێکی هاوبەشە جگەلەوە هیچ ئامانجێکی ترمان نییە.

***: هەپەگە لە کەرکوك و مەخموریش هەیە و پێشکەوتنی گەورە لەو ناوچانە بەدەستهاتوون، بەڵام بۆچی تائێستا هێزێکی هاوبەش دروست نەبووە؟**

**قەرەیلان:** لە ئێستادا هێزەکانمان لە مەخمور تەنیا پەیوەندییان لە ئاستی ناوچەییدایە و لە ئاستی

باڵادا نییە، بەڵام لە کەرکوك هەم لە ئاستی باڵا و هەمیش هەرێمیی دایە، لە شەنگال هێزی ئێمە و پێشمەرگەش هەیە، بەڵام بەرەیەکی هاوبەش نییە، لەبەر ئەوەشە هەڵە تێگەیشتنێك هەیە. لە سەرەتادا بۆ هەوڵدانەکانی ئێمە بۆ شەنگال و بۆ تەواوی باشوری کوردستان دەبوو حکومەتی هەرێمی کوردستان سوپاسی بکردینایە، لەبەر ئەوەی خزمەتێکی نەتەوەیی و برایەتی بوو. بەڵام دواتـر وەك ئـەوەی بۆچی هاتن، بۆچی لەوێن و بەمشێوەیە هەڵسوکەوتیان لەگەڵدا کردین. لەگەڵ ئەوەشدا ئێمە هیچ گرنگییەکمان بەو قسانە نەدا، بەڵام دیسانیش مرۆڤ دەستی لەسەر ویژدانی خۆی دابنێ و ئەوکات قسە بکات، ئەگەر بەڕاستی لە 3 ی ئابدا ئێمە نەچووینایەتە شەنگال، ئایا ئێستا هیچ کەس لەوێ دەما؟ ئایا ئەو گەلەی ئێستا لەسەر چیای شەنگالن دەیانتوانی لەوێ بمێنن؟ تاکو ئێستا داعش چەندین جار ویستوویەتی بچێتە هەموو ناوچەکانی شەنگال، بەڵام هەپەگە رێگەی نەداوە، ئەگەر ئێستاش زەمینەیەك هەیە پێشمەرگە بچێتە شەنگالەوە و دەڵێن ئێمە دەچینە شەنگال، دەبێت بزانرێت ئەوە لەسایەی کێوە دروست بوو.

ئەگەر گەریلا نەبووایە سەدان هەزار کەسی تر کۆمەڵکوژ دەکران. لە ئێستادا حکومەتی هەرێمی کوردستان لەوە بەرپرسە. ئەگەر لەوێ کۆمەڵکوژی سەدان هەزار کەس ئەنجام بدرایە، ئەوکات سیاسەتی کوردی بەساڵان لە ژێر ئەو بارە دەرنەدەکەوت، بەڵام چوونی گەریلا بۆ ئەوێ باری سەرشانی هەموو کەسێکی سووك کرد، دەبوو سوپاسیان بکردایە، بەڵام لە دوورەوە تەماشایان کرد و هیچ هاوکارییەکیان نەکرد، ئێمەش ئەو هەڵوێستەمان بێ مانا بینی، هەموو ئەوانەش هۆکاری ئەو فیتنانەن کە دەڵێن پەکەکە چووە ئەوێ، داگیری دەکات، قسەی بەمشێوەیە کاریگەری لەسەر هاوپەیمانی مەخمور و لە کۆبانێش هەیە، ئەوەی تائێستا شەنگال دەپارێزێت هەپەگەیە، ئێمە هیوادارین ئەوە تێپەڕێندرێ، نەك تەنیا ڕێرەوێك بۆ شەنگال بکرێتەوە، بەڵکو هەموو شەنگال بە یەکجارەکی ئازاد بکرێت.

***: بۆ ئـەوەی شـەنگال جارێکی تر رووبـــەرووی کۆمەڵکوژی و هێرشێکی بەمشێوەیە نەبێتەوە پێویستە چی بکرێت؟**

**قەرەیلان:** دەڵێین دەبێ سیاسەتی کورد لەسەر ئاستی شەنگال هەمووی ببێتە یـەك. پەکەکە، پارتی، پەیەدە، یەکێتی، گۆڕان، یەکگرتوو، کۆمەڵی ئیسلامی و هەموو هێزەکانی تری باشور ئەوانەی کە هێزیان هەیە، دەبێ سیاسەتێکی هاوبەش لە شەنگال بەڕێوەببەن. دەبێ هێزی ئەوێ ئێزیدی و بـەڕێـوەبـەری لـەوان دروسـت بکرێت، دەبـێ سیاسەتێکی تایبەت لە شەنگال پێش بخرێت. ئەگەر بەمشێوەیە نەبێ کوردی ئێزیدی باوەڕیان نامێنێ کە جارێکیتر بگەڕێنەوە شەنگال، بۆ ئەوەی باوەڕ لایان دروست ببێ و جارێکی تر بگەڕێنەوە زێدی خۆیان دەبێ هێزی خۆیان هەبێت. دەبێ لە شەنگال سیستەمێکی هـاوبـەش دروسـت بکرێت، گەلی ئێزیدی لەوێ بۆخۆیان ببنە ئیرادە. خۆ بەخۆیان، مەجلیسی خۆیان هەبێ و ئامانجی ئێمەش ئەوەیە گەلی ئێمەی ئێزیدی لەوێ ئیرادەی خۆیان هەبێت، لەبەر ئەوەی کوردی ئێزیدی کۆنترین کوردن کە خۆیان زۆر پاراستووە، بۆ ئـەوەش دەڵێین دەبێ

مـرۆڤ بەتایبەتی نزیکی ئـەوان ببێتەوە و لە شەنگال سیستەمێك پێش بخات.

***: ئێوە پێشنیاری چی شێوازێك دەکەن لە دوای نەمانی داعـش لە مەخمور، کەرکوك و موسڵ پێشبخرێت؟**

**قـەرەیـلان:** ئێمە ئـەو هێڵە وەك هێڵی نێوان کوردستان و عێراق دەبینین، زۆر نەتەوەی وەك عەرەب و تورکمان هەیە، بەڵام زۆرینەی کوردن، بیر و بـاوەڕی وەك شیعە، کاکەیی، مەسیحی، سوننی و هی تریش هەیە، دەبێ لەسەر ئەو هێڵە سیستەمێکی تایبەت لەسەر بناغەی دیموکراتیك – نەتەوە پێش بخرێت. ئەوە فۆرمۆڵێکی نوێیە. وەکو تر گەلێك باوەڕی، کلتور و یەکنەتەوەیی ئاوا دەبێت و لەوەدا هەر نەتەوەیەك لەناوخۆیدا ئازادە، لەبەر ئـەوەی کلتورێك پێکدێت. بە بـڕوای ئێمە لەناو ئەو هێڵەی ناوەڕاستدا ئەگەر فۆرمۆڵێکی وەهـا نـوێ بۆ چـارەسـەری پێکنەیێت ئـەوا ئەو کێشانە گەورەتر دەبن. دەوڵەت ناتوانێن لێرەدا لە نێوان مەزهەب و گەلاندا سەربکەوێت، پێویستی بە تێڕوانینێکی گشتی هەیە بۆ ئەوەی هەر بیرو

باوەڕ و نەتەوەیەك ڕێز لە یەکتربگرن، بۆ ئەوەش لە کەرکوك فۆرموڵێکی بەمشێوەیە پێویستە. ڕاستە کەرکوك پارچەیەکە لە کوردستان، بەڵام بیر و باوەڕ و نەتەوەی جیاوازی تێدایە، بۆ ئەوەش دەبێ سیستەمێك ئاوابێت کە هەرکەس بتوانێ تیایدا بژی، ئێمە بۆ ئەوە دەڵێین دیموکراتیك ـ نەتەوە پێش بخەن.

***: ئایا داهاتووی گەریلاکانی هەپەگە لە باشور چۆن و بە چی شێوازێك دەبێت؟**

**قەرەیلان:** هەپەگە هێزی پاراستنە، هەر جێگایەك پێویستی پێی هەبێت، تاکو پێویستی پێی هەبێ دەمێنێتەوە، ئەوە ئاژاوەچیەکانن بە ئەقڵییەتێکی چەوت، کە دەیانەوێ هاوپەیمانی نێوان کوردان تێکبدەن و فکرێکی هاوبەش دروست نەبێت قسەی بەم شێوەیە دەکەن، ئەوانە ڕاست نین. ئێمە دەمانەوێ گەلەکەمان ئازاد ببێت، ئێمەش بۆ پشتیوانی و پارستنی دەستکەوتی گەلەکەمان چووینەتە ئەو شوێنانە.

***:بەبۆچوونی ئێوە لەئێستادا ئاستەنگییەکانی بەردەم پێکنەهاتنی کۆنگرەی نەتەوەیی چییە؟**

**قەرەیلان:** کۆنگرەی نەتەوەیی ساڵی رابردوو **2013** خەبات بۆی دەستپێکرد، ئەو کات خۆم لەگەڵ کاك مەسعود دانیشتنم، ئەو بابەتەمان خستە رۆژەفەوە، دواتر لەگەڵ یەکێتی گفتوگۆمان کرد، هەروەها ئەو بابەتەمان لەگەڵ هەموو هێزە سیاسییەکان گفتوگۆ کرد و کۆمیتەی ئامادەکار دروستکرا و هەوڵەکان باش بەرێوە دەچوون، تاکو گەیشتە پێش دەرئەنجام، بەڵام لەبەر چارەسەر نەبوونی چەند بابەتێك هەوڵەکان وەستێندرا. ئێمە دەڵێین لەو شوێنەی وەستا دەتوانرێ دەستپێبکرێتەوە، لەلایەکی تر گۆڕانکارییەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و هاتنی داعش بەدوایدا هەموو شتێکی گۆڕی، بۆ ئەوەی ئەم رەوشە نوێیە بۆ ئازادی گەلی کورد بگاتە ئەنجام دەبێ هەنگاوی نوێ بگیردرێتەبەر، لە سەرەتاشدا بەرخۆدانی کۆبانێ روویەکی نەتەوەیی دروست کرد، ئەمڕۆ لە هەموو شوێنکێکی دنیادا دێن و بەشداری بەرخۆدانی کۆبانێ دەبن، لە سەردەمێکی وادا کە کێشەی کورد بووەتە رۆژەفی جیهانی، ئێمەش

پێشخستنی کۆنگرەی نەتەوەیی وەك ئەرکێکی نەتەوەیی فەرزکراو لەسەر خۆمان دەبینین، ئیتر دەبێ لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا سیاسەتێکی هاوبەشی کوردی هەبێت، خاوەن هەڵویستی خۆی بێت و بەپێی دەرفەتی خۆشی هێزێکی هاوبەشی هەبێت لەژێر هەیمەنەی کۆنگەرەی نەتەوەیدا بێت، لە ئێستادا کۆنگرەی نەتەوەیی زۆر بە پێویستی دەبینین بۆ ئەوەش لە ئێستادا شاندێکی کەجەکە سەردانی لایەن و ڕێکخستەنکان دەکات، بەڵام باوەڕێکی گشتی دروست نەبووە، کاتێك کۆنگرەی نەتەوەیی ببەستریێ بەرژەوەندی هەموو پارت و پارچەکانی کوردستان وەك باکور، باشور، ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوای تێدایە.

ئەمەوێ ئەوەش زیاد بکەم کە بۆچی کۆنگرە نابەستریێت، ئەویش ئەوەیە کە لەم بابەتەدا ڕاستە هەندێك ئاستەنگی ئاشکرا هەیە، بۆ نمونە کێشەی ڕۆژئاوا و کێشەی ڕێژەی ئەندامان هەبوو، بەڵام ئەمانە کێشەیەکی روونن، بەڕای من مرۆڤ دەتوانێ چارەسەریان بکات، ئەوەی ڕۆژئاوا هەموویان چارەسەر بوون، ڕێژەی ئەندامانیش ئەوەندە زەحمەت نییە و دەتوانرێت چارەسەر بکرێن، بەڵام هەندێك ئاستەنگی

نـــاڕوون هەیە، پێش هەمووی دەبــێ لەنێوان لایەنەکان بـاوەڕبـوون بەهێز بێت، بـڕوا بەوە بکەین کە بەرژەوەندی ئێمە لە هاوبەشی دایە، کاتێك کە لایەنێك هاوپەیمانەتییەك دەبەستێت نابێ لەسەر حسابی کەسێکی تر بەڕێوەبچێت، دەبێ هەموو لایەنەکانیش سودی لێوەربگرن، واتا بەرژەوەندی هەرکەس هاوبەش بێت هەر لایەنێك ببینرێ و یەك قەناعەتیش هەبێت. لەو چوارچێوەیەدا هەندێك ساردی دروست بووە، ئەم ساردییانە دەبێ کە مرۆڤ لە مەیدان دەریبخات و لێبوردەیی هەبێت، بۆ نمونە پارتی دیموکرات دەبێ خەتی زاویتە کۆتایی پێبهێنێ و بەڕێوەی نەبات.

خەتی زاویتە چییە؟ خەتی زاویتە ئەوەیە ئەوکات لە نێوان پارتی و پەکەکە شـەڕ بــوو، کێ لە پەکەکە رایدەکرد دەیانکردنە کەمپێکی سەربازی و پەروەردە دەکران و لە دژی پەکەکە وەك کۆنترا دەیانخستنە شەڕەوە، واتا کاتی شەڕ ئەوە دەکرێ و مومکینە کە لەبەرامبەر یەك هێزەکان بەکار بهێنن، بەڵام ئێستا نزیکەی **16 – 17** ساڵە شەڕ نییە، لەمکاتەدا بـەردەوامـدان بە خەتـی زاویتە بەشێوازێکی سیاسی، دەبێتە هۆکاری ناخۆشی

نێوان ئێمە و پارتی، بەڵام بۆ نمونە کەسێك ئێستا لە ناو ریزەکانی پەکەکە نەماوە رابکات و پارتی ئەوان بگرێ دیسان لە دژی پەکەکە بەکاریان بهێنێت، ئەوانە بێباوەڕی لەناو هێزەکان دروست دەکەن، پێویستە سەرکردەکانی پارتی ئەوە ببینن و ئەم شێوازانە بەکار نەهێنن، بەڵام هەرکەسێك لێمان جیابێتەوە و سەربەخۆ سیاسەت بکات ئێمە لێی دڵگران نابین، بەڵام هەندێك کەس هەیە نەك لە ئێمە جیابوونەوە، لای ئێمە رایانکردووە و لەسەر بنەمای دژی ئێمە دەیانەوێ شەڕ بکەن لەسەر ئەو بنەمایە ژیان بکەن. واتا دوژمنایەتی و دژایەتی دەکەن، دەچن چی زانیاری هەیە دەیفرۆشن و چی دژایەتی کردنێك هەبێ ئەوە دەخەنە پێش، ئەو نمونانەی کە بێباوەڕی دروست دەکەن، وەکو تریش ئەمانە فیتنە پێش دەخەن، چونکە لەسەر ئەوە دەیانەوێ بژین و خۆیان لە پارتی پێش بخەن، بۆ ئەوەشە تادێ دوژمنایەتییەکە قوڵ دەکەنەوە و فیتنەچێتی دەکەن رای چەوت بڵاودەکەنەوە. بۆ نمونە بابەتی شەنگال لەوەوە سەریهەڵدا، لە تەلەفزیۆنەکان بڵاویان دەکردەوە کە بۆچی پەکەکە لە شەنگالە، بۆچی لە لالشە، بە گوێرەی خۆیان شرۆڤەیان

دەکـرد تاکو ناکۆکییەکان قوڵتر بکرێنەوە و ناتێگەیشتن هەبێت، بەڵام شێوازی بەمشێوەیە فیتنەچێتی و کۆنترایی دەبنە هۆکاری بێباوەڕی. دەبێ ئەو شێوازانە دەستیان لێ بەربدرێ ئەوانە هەندێك مەسەلەی ئەخلاقین، بەڵام تۆ دەبێت دیپلۆمات بگری و بێڕێزیت پێبکرێت، ئەرکەکەی نەخەیتە پێش چاو ئەوانە دەستی لێهەڵنەگیرێت پارتی لەوانەدا دیقەت ناکات ناڵێت ئەوە چییە، کێیە یان دیپلۆماتە هەر بەگوێرەی حساباتی خۆی دەیداتە دەست ئاسایشی خۆی، هەموو ئەمانە دەبنە هۆکاری نەخۆشی، شتی ئاوا بچوك بچوك هەیە، بەڵکو لەسەر ئێمەش هەبێ ئەوانیش دەتوانن بیانڵێن، بەڵام ئاوا هەندێك شتی بەرچاو هەیە، نابێ نزیك بوونەکان وەك نزیکایەتییەکانی شەڕی ناوخۆیی بێت، دەبێ نزیك بوونێکی دۆستانە و یەکێتی نەتەوەیی بێت، ئەمانە نیین، لەو تایبەتمەندییانەدا ئێمە رەخنە دەکەین، بەڵام ئەگەر ئەمڕۆ لە شەنگال هاوبەشییەکی ئاوا دروست نابێ نەدێك حسابی لەمشێوەیەن، واتا حساباتی حزبین، ئەبێ هەموو لایەنەکان کەموکوڕییەکانی خۆیان ببین، چی لەبەردەم یەکێتی نەتەوەیی ئاستەنگە لەخۆی

ببورێت، بۆ ئەوەی بەڕاستی یەکیتی نەتەوەیی و پلاتفۆڕمێکی کوردان دروست ببێت، گەلی ئێمەش لە زۆری و زەحمەتییەکان رزگاری ببێت، لەسەر ئەو خاکە بە رووممەت و شەرەفی خۆی بەئازادی ژیان بکات.

## (2)

***: زیاتر لە مانگێکە 29 گیراوی سیاسی کورد لە گرتووخانەکانی ورمێ دەستیان بە مانگرتن کردووە، پەیامی ئێوە بۆ مانگرتووان چییە؟**

**قەرەیلان:** ئێمە مانگرتووان بە خاوەن حەق، ماف و بەڕێز دەبینین، لەو هەلومەرجەی کە پرسی کورد بووەتە رۆژەفی جیهان، دەبوو کە دەوڵەتی ئێران سیاسەتی خۆی لە سەر کورد بگۆڕیبایە، ئەگەر ئەو سیاسەتەیان لەسەر کورد نەگۆڕن و بۆ چارەسەی پرسی کورد لەناوخۆدا هەنگاو نەهاوێژێت، ئەو کات لەچاوی گەلی کورد دا جیاوازی لە نێوان ئێران و تورکیادا نامێنێت. ئەوەی کە داوا دەکرێ ئەوەیە دەبێ ئێران بۆ چارەسەری پرسی کورد هەنگاو بنێت. سلاو لە گیراوانی ورمێ دەکەم، بەرخۆدانیان پڕ واتا دەبینم، هەڵوێست و سیاسەتی رۆژهەلاتی

کوردستان وەك پەیامێك وایە. دەبێ گەلی ئێمە پشتگیری لەو بەرخۆدانە بەهێزتر بکات و دەبێ لەمەودووا ئێران بە چاوی چارەسەرکردن لە کیشەی کورد بڕوانێت. سەردەمی ئەوە بەسەرچوو کە نەتەوەیەك بە زەخت و گوشار بخەیتە ژێر رکێفی خۆتەوە، بۆ ئەوەش هیواداریین بە چاوی چارەسەر نزیك ببێ و لەمەودوا هێزی داگیرکەر دەبێ بزانێت کە عەقڵییەتی نەتەوە دەوڵەت سەر ناگرێت. ئەگەر ناشیانەوێ سنور بگۆڕدرێت دەبێ کێشەی کورد چارەسەر بکرێت، لەسەر ئەو بنەمایەش ئێمە بەرخۆدانی ورمێ وەك پەیامێك و پڕ واتا دەبینین.

***: لە لایەن ئۆجالانەوە رەشنوسێك دراوەتە دەوڵەتی تورکیا و کەجەکەش پشگتیری کردووە، لەسەر ئەوە ئەڵێن چی؟**

**قەرەیلان:** لەم دواییانەدا سەرۆك ئاپۆ رەشنوسێکی بۆ چارەسەری پێشکەشی ئێمە و دەوڵەتی تورکیا کرد، ئەوە گەیشتە دەستی ئێمە. ئێمە وەك بەڕێوەبەرانی حەرەکەت گفتوگۆمان لەسەر کرد، وەك ئەوەی نوسراوە هەمووومان بەیەك دەست پەسەندکرد، لەو چوارچێوەیەشدا بۆ ئەوەی کێشەی کورد چارەسەر ببێ ئێمە ئامادەین. ئەو

چوارچێوەیەی سەرۆك ئاپۆ دایڕشتووە زۆر گرنگە، دیموکراسی بوونی تورکیا و چارەسەر کردنی کێشەی کورد بەبنەما دەگرێت، شاندەکە هاتە قەندیل، ئێمەش ئەوەمان پێشکەشی شاندەکە کرد، دەبێ حکومەتی ئەکەپە لەسەر ئەو بنەمایە چاوپێکەوتن لەگەڵ شاندەکە ئەنجام بدات، حکومەت تائێستاش بڕیاری خۆیان بۆ ئەو بابەتە نیشان نەداوە، تائێستاش دەستنیشانیان نەکردووە کە چارەسەرێکی چۆنیان دەوێت.

سەرۆك ئاپۆ دەڵێ دەبێ کۆمیسیۆنی راستییەکان، دانوستان و سکرتارییەتێك پێك بهێندرێت، دەبێ ئێمە تاکو بەهار ئەو بابەتە چارەسەر بکەین، تا ئێستاش ئەکەپە لەو مژارەدا تێڕوانینی خۆی دەستنیشان نەکردووە، بەڵام سەرۆك ئاپۆ وتوشیەتی بۆ ئەوەی ئەو بابەتە دوانەکەوێت، بە شاندەکەی راگەیاندووە دەبێ لەناو **10** رۆژدا بگەڕێنەوە بۆلای من، بەڵام وا **20** رۆژ تێپەڕی تائێستاش ئەکەپە هیچ رایەکی نیشان نەداوە، لێرەدا نزیکایەتی ئەکەپە و حکومەتی تورکیا زۆر مەترسیدار دەبینین. لە کاتی چوونی شاندەکەشدا بۆ ئیمراڵی لە **29** مانگی رابردودا لە سنوری تورکیا رێگە بەداعش درا. لە **11/29** هەم شاندەکە چوونە

ئیمراڵی، هەم و رێگەش درا بە داعش هێرش بکاتە سەر کۆبانێ و سەیارەیەکی بۆمبرێژکراو لە تورکیاوە هات و لە کۆبانێ تەقییەوە. ئێمەش و سەرۆك ئاپۆ پێشتر وتبوومان کە چۆنێتی نزیك بوون لە کۆبانێ ئەو شێوەیە نزیکبوونە لە کێشەی کورد.

ئەو تێڕوانینانەمان ئەکەپە باش دەزانێت. بۆ ئەوەشە رێگەی نەدا راگەیاندنەکانی تورکیا ئەو رۆژە باس بکەن، بۆ ئەوەی سەرۆك (ئاپۆ) نەزانێت بۆ ئەوەی سەرۆك پەیامی ئەرێنی بدات، نەیهێشت بکەوێتە بابەتی راگەیاندن حکومەتی ئەکەپە باش دەناسین، ئەکەپە دەیەوێ تاکو هەڵبژاردەنەکانی **2015** ئارامی هەبێ و دوای هەڵبژاردن هەڵوێستی خۆی دەستنیشان بکات. دەیەوێ جارێکیتر شتی **2011** دوبارە بکاتەوە، بەڵام ئێمە مێژوو دوبارە ناکەینەوە و ئەوە قبوڵ ناکەین. ئەو پێواژۆیەی ئۆسلۆ کە سەرۆك ئاپۆ پرۆتۆکۆڵێکی ئامادە کردبوو و ئێمەش پێشکەشی حکومەتمان کرد، حکومەتیش وتی ئێمە دوای هەڵبژاردن وەڵامی دەدەینەوە. دوای هەڵبژاردن هێرشی دەستپێکرد و لەو رۆژەشدا ئێران هێرشی کردە سەر قەندیل، ئێمەش زانیمان کە تورکیا بەنهێنی لەگەڵ ئێران

دەیانەوێ لەبەرامبەرمان شەڕ دەستپێبکەن. تەنانەت ئەو بابەتەیان لەگەڵ پارتیش گفتوگۆ کردبوو، ویستیان وەك گەریلاکانی سریلانکا، گەریلاکانی ئێمەش لەناوبەرن. هەرچەند جارێکیتر سەرۆکایەتی نەورۆزی **2013** ئاگربەستی راگەیاند، بەڵام دیسانیشەوە تائێستا ئەکەپە هەنگاوێکی نەهاویشتووە، بەڵام ئێمە رێگە بە یارییەکی ئاوا نادەین، دەبێ لە سەرەتادا ئەردۆغان و دەسەڵاتدارانی ئەکەپە باش بزانن لە ریسکێکی وەهادا، ئەگەر نزیکایەتی ئەوان هەبێ دەبێ هەنگاو بهاوێژێت. ئەگەر ئەکەپە لەو چوارچێوەیەدا نزیك نەبێ و دوایبخات ئەوە بە واتای شەڕە و واتا دوای هەڵبژاردن دەیانەوێ شەڕ لەبەرامبەرماندا رابگەیەنن، ئێمە پێشتر شەڕ رادەگەیەنین، چۆن لە **2011** لەبەرامبەرماندا شەڕی کرد هەر بەو واتایەیە ئێمە ئاوا تێدەگەیین، جارێکی تر دەیانەوێ ئێمە تەسفییە بکەن و بەشەڕ پرسەکە چارەسەر بکەن، لەبەر ئەوەی دەبینین خۆیان ئامادە دەکەن، بەنداو و بنکەی سەربازی دروست دەکەن، یاسا دەردەخەن، ئێمە دەزانین ئەوانە هەمووی بەواتای شەڕە.

ماوەیەك لەوەپێش لە گەڤەر گەنجێك بەناوی

رۆژهـات ئـۆزەل، پێش ئەویش گەنجێك بەناوی عەبدولقادر چاکماك لـە ئـامـەد شەهید کـران. ئەوە قبوڵ ناکەین، هەموو رۆژێك گەنجی کورد لەکۆڵانەکاندا شەهید دەبن، بەندی ٪**10** هێشتاش ماوە، لەبەر ئەوەش ئێمە ئەوە قبوڵ ناکەین، ئەوە نزیکایەتی شـەڕی ئەکەپەیە. ئـەوانـەش دەبنە هۆکاری ئەوەی لە بەهاری **2015**دا شەڕێکی گران بەڕێوە بچێت، هەر گەنجێکی ئێمە شەهید ببێ دەبێ وەڵامی وەربگیرێتەوە، با هەموو کەس بزانـێ کە گەنجی کورد بێ خاوەن نیین. ئێمە بێدەنگ نامێنین، لەبەر ئەوەی بێدەنگ بوون دەست بەردانە لە هەموو شتێك. دەبـێ ئەو جدییەتە لە لایەن هەموو کەسەوە هەست پێبکرێت. بەرامبەر ئەو هەڵوێستەی ئەکەپە رێگەی گەڕانەوەی شەڕە، ئەکەپە پێواژۆی ئاشتی بەرەو شەڕ دەبات، ئەگەر وەڵامـی رەشنوسەکەی سـەرۆك ئاپۆ نەداتەوە و لەو چوارچێوەیەدا هەنگاو نەهاوێژێت، هەمان واتایە کە پرۆسەی ئاشتی بـەرەوە شەڕ دەبـات، ئێمە بۆ چارەسەر لە چوارچێوەی رەشنوسەکەی سەرۆك ئاپۆدا ئامادەین، با هەموو کەسیش بزانـێ ئەگەر ئەکەپە بەمشێوەیە بـەردەوام بێت، شەڕ دەستپێدەکاتەوە، ئـەوەش نەك ئێمە بمانەوێت،

لەبەر ئەوەیە ئەکەپە دەیەوێت، لەئێستادا لە گرتووخانەکان و لە کۆڵانەکاندا زوڵمی زۆر گەورە لەسەر گیراوان و گەلی ئێمە بەڕیوەدەچێت. بۆ ئەوەش ئێمە لە زمانی ئەواندا چارەسەری نابینین، بەوهۆیەوە دەڵێین دەبێ هەموو لایەنگرانی ئاشتی و لەبەرمابەر ئەکەپە هەڵوێست نیشان بدەن.

***: دوای چارەسەری ڕەوشی گەریلا چی بەسەردێت؟**

**قەرەیلان:** سەرۆك ئاپۆ لە رەشنوسەکەدا دەستنیشانی کردووە، دەڵێ دەبێ کۆمیسیۆنی راستییەکان و دانوستان دەستپێبکات، وتوشیەتی دەبێ **15** ی شوبات لەگەڵ کۆمیسیۆنی راستییەکان قسە بکەم، دەشڵێ ئەگەر پرۆسەکە بەرەوپێش چوو، ئەوا لە **15**ی مارس لەبەرامبەر دەوڵەتی تورکیا شەڕ دەوەستێنین. ئێمە دەبێ لە کۆنگرەی گەورەی پەکەکە کۆببینەوە و **15** ی نیسان گفتوگۆی لەسەر بکەین، کە هێزەکانی گەریلا لە باکوری کوردستان چی بەسەر بێت، کە ئایا ببێتە هێزێکی یاسایی یان لە جەبهەیەکی تردا تێکۆشان بکات، ئەوە لە کۆنگرەدا بڕیاری لەسەر دەدرێت، بەڵام لەئێستادا بابەتی دەست بەردان لە چەك نییە، هەروەها دەبێ لەو کۆنگرەیەدا سەرۆك ئاپۆش ئامادە بێت، هەر بڕیارێك لەوێ بدرێ

ئـەوا پێکدەهێندرێت، ئەوانەش لە رەشنوسەکەدا روونکراوەتەوە.

***: بۆ پرۆسەی چارەسەر لە باکوری کوردستان، ئەو رۆڵەی دەکەوێتە سەر ملی کوردانی باشوری کوردستان چییە؟**

**قەرەیلان:** ئەگەر بەڕاستی تورکیا کێشەی کورد چارەسەر بکات، ئەوا هەموو کوردەکانی پارچەکانی باشور، رۆژهەلات و رۆژئاواش سودی لێدەبینن، ئەگەر دەوڵەتی تورکیا دەست لەو سیاسەتی ئینکارییەی خۆی بەربدات، ئەوا کێشەی کورد بەگشتی چارەسەر دەکرێت. لەوەشدا زۆرترین بەرژەوەندی گەلی باشوری کوردستانی تێدایە، بۆ ئەوەشە دەڵێن دەبێ حکومەتی هەرێمی باشور و گەلی ئێمەی باشوری کوردستان پشتگیری چارەسەری بکەن. بۆ ئەوەشە دەڵێین کە کاتێك کورد بەگشتی خاوەن یەك هەڵوێست بن، ئەوا کاریگەری لەسەر کێشەی گەلی کورد دەبێت. لەبەر ئەوەی شێوازی ئەکەپە لە حکومەتەکانی پێش خۆی خراپترە، دەڵێ هەندێك لە کوردەکان بکەمە لایەنگری خۆم و هەندێکیشیان لەناو دەرخەم، ئەوە نزیکایەتییەکی زۆر مەترسیدارە، لەو کاتەوەی ئەکەپە

هاتووەتە سەر دەسەڵات تائێستا تەنیا دووڕووی دەکات، تەنیا قسە دەکات، ئێستا ئەکەپە دەڵێ ئێمە لە باشوری کوردستان هەڵەمان کرد کاتی روخانی سەدام دەستێوەردانمان نەکرد، ئێمە لە ئەنجومەن بڕیاری دەستوەردانی سەربازیمان نەدا ئەوە هەڵە بوو، ئەگەر دەستێوەردانمان بکردبایە، ئەوا ئەو دەرفەتە بۆ کوردی باشور پێکنەدەهات، ئێمە دەبێ نەهێڵین لە پارچەکانی تری کوردستان، وەك رۆژئاواو باکور ئەو دەرفەتانە بۆ کورد دروست ببن.

***: دوا پەیامی ئێوە چییە؟**

**قەرەیلان:** وەك * ئێوە ئاژانسێکی نوێن بەخێرهاتنتان دەکەم، ماوەیەکی درێژیشە دەرنەکەوتووم لە راگەیاندن و راستەوخۆ بۆ گەلی باشور قسەم نەکردووە، دڵخۆشم کە لەرێگەی ئێوەوە پەیامی ئێمە دەگاتە گەلی باشور دڵخۆشم، گەلی ئێمەی باشور گەلێکی فیداکار و لە نەتەوەیی بوون و هەڵوێستی خۆیاندا مێژوویەکیان تۆمارکردووە، لەو بڕوایەشداین کە سیاسەتی تەڤگەری ئێمە بەرێوەی دەبات، بۆ پاراستنی دەستکەوتەکانی گەلی ئێمەی باشوری کوردستان، پێشخستنی هەڵوێستی نەتەوەیی دەرفەتێك ئاوا دەکات، بۆ ئەوەی گەلی

ئێمەش رووبەرووی داعش ببێتەوە هەر شتێك بکەوێتە ئەستۆی ئێمە ئەوا ئەنجامی دەدەین، بەشداربوونیشمان لە شەنگال فیداکارییەك بوو، کە ئەوە ئەرکی ئێمەیە و دەبێ گەلی ئێمەی باشور بەمشێوەیە تێبگات، کە پەکەکە دەیەوێ دەستکەوتی گەلی ئێمە پارێزراو بێت.

هەروەها سەبارەت بەو شەڕەی لەبەرامبەر داعش دەکرێ ستراتیژی نەرم بەڕێوەدەبردرێت، واتا پاراستنێکی نەرمە، پێمانوایە دەبێ پاراستنی ئەکتیڤ بەڕێوە ببرێت، لە سنورەکانی کەرکوك و مەخمور و شەنگال ئەکتیڤ تر پاراستن بکەین، بۆیە دەبینین داعش لە کوێ بیەوێ هێرش دەکات و دەبێ لە بەرەکانی شەڕ ستراتیژی خۆمان گەشتر بکەین، تاکتیکی ئەکتیڤ پاراستن بە واتای ئەوەی ئێمە هێرش بکەین بەڕێوەبچێت.